تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی

کوردیکا

Designed by: Emîn Şabazî

**کتێبخانەیەکە تایبەت بە:**

**١. کتێب و گۆڤاری کوردی**

**٢. کتێب و گۆڤاری بیانیی سەبارەت بە کورد**

📚 **لە تێلگرامەکەی خۆتاندا بنووسن: @kurdica ، دوایە کرتەی لەسەر بکەن و ببنە ئەندامی کتێبخانەی کوردیکا.**

📚 **تکایە ئەم کتێبخانەیە بە هاوڕێکانتان بناسێنن.**

# دیـوان

# پیر شالیاری

## زردشتی (هەورامی)

٣٤

سنندج: چهار راه‌شهداء پاساژ عزتی

طبقه دوم انتشارات محمدی

**دیـوان پیـرشالیـار**

**زردشتی ( هەورامی )**

ناشر : انتشارات محمدی سنندج

تیـراژ : ۵۰۰۰ جلد

چـاپ اول

چـاپ : تعاونی ۴۲ سنندج

بهمن ماه ۶۳

*** قیمـت ۲۰ تـومـان ***

# نووسەر لە چەند دێڕێکا



+ ناوی محمد بهاءالدین کوڕی مـەلا صاحب مدرسی تەوێڵە وە لە نـەوەی مەلا نەذیری گەورەیە •
+ لەساڵی ١٩٣٤ لە تەوێڵە لە دایك بوە •
+ لە ساڵی ١٩٥٧ لە سلیمانی لە مزگەوتی ئەوقاف ئیجازەی وەرگرتوە •
+ لە ساڵی ١٩٥٩ چوەتە دەورەی ئایینی ماموستایان ، وەکراوە بە ماموستا لـە قوتابخانەی تەوێڵە •
+ هۆنراوەی لە زۆر ڕۆژنامەدا بلاو کراوەتەوەتـە • ناز نـاوی دانـای هەورامییە •

بسمه تعالی

## سخنی چند از ناشر

از آنجا که انتشارات محمدی یک انتشارات نوپا وجدید می‌باشد تاکنون در حد توان خود به فرهنگ منطقه خدمات چشم گیری نموده است، ابتدای تاسیس این انتشاراتی بهرکس که نشانه‌ای از انسانیت از او بچشم می‌خورد و به هر متدینی که ادعای دینداری می‌کرد وبهرمردمی که ادعای مردمی بودن می‌نمود مراجعه نمودیم هیچ کسی بما کمک نکرد یکی ما را سرمایه‌دار می‌خواند آن یکی ما را ضدانقلاب و حتی غیرمسلمان دیگری ما را دولتی و حتی جاسوس و اطلاعاتی می‌دانست اما چون خدای بزرگ‌میدانست ما هیچ کدام از اینها نبودیم که اینها می‌گفتند و تنها عشق و علاقه به مسائل فرهنگی مرا وادار کرده بود به این کار بزرگ و دشوار دست بزنم بدون توجه به ناسزاها و تهمتها به کار خود ادامه دادم که اکنون از حمد خداوند زحمات ما بهدر نرفته و نتیجهٔ خود را داده است و عملا ثابت کرده‌ایم بدون وابستگی بجائی و یا کسی و دسته یا گروهی بمردم وفرهنگ مردم خدمت می‌کنیم و به این سخن که از دانشمند بزرگ کرد شیخ کاک احمد سلیمانی واقفیم که می‌فرماید ایمان عبارت از سه چیز است یک:باور به دل دوم:اقرار به زبان سوم:عمل به وسیلهٔ خود شخص (عه‌مه‌ل به له‌ش) از خدای توانا می‌خواهیم توفیقمان دهد در سراط مستقیم گام برداریم و خدمتمان فقط جنبهٔ دنیایی نداشته باشد و عملا ثابت کنیم مسلمان هستیم والسلام .

لازم بیادآوری است هر نوع مطالب عربی جهت ترجمه به فارسی اعم از کتاب ، جزوات ، نامه و .... پذیرفته میشود :

و اینک چند تا غلط چاپی که در مناجات امام شافعی موجود است اینجا می‌آوریم که بدین وسیله کاملا تصحیح شود .

اغلاط چاپی مناجات امام شافعی آنچه بنظر اینجانب رسید .

| صفحه | غلط | صحیح |
|---|---|---|
| ۴شعر ۶ | لاتزع | لاتزغ |
| ۵شعر ۱۱ | وَ وَاْسَعُ | وَ أَوْسَعَ |
| ۶شعر ۱۲ | متضِّرعُ | مُتَضَّرِعُ |
| ۶شعر ۱۳ | سِریٰ | سِوی |
| ۷شعر ۱۵ | والْمُغفَّل | وْالْمُغَفَّلُ |
| ۱۴شعر ۳ | عِجزی | عَجزی |
| ۱۵شعر ۲ | عَلْیلَهُ | عَلَیلهُ |
| ۱۵شعر ۳ | حِمِلْهِ | حِلْمِهِ |
| ۱۵شعر ۴ | عِیلْمهِ | عِلْمِهِ |
| ۱۷شعر ۳ | شَفَعْتهُ | شَفَعْتَهُ |
| ۱۸شعر ۲ | فارِحَمْ | فاْرْحَمْ |
| ۴ | خیبات | خیبت |
| ۵ | موآنه | موءنت |
| ۶ | فضیحته | فضیحت |

کتاب افکار سیاسی و دینی سید قطب بقلم دکتر مهدی فضل‌الله استاد دانشگاه سوربون پاریس بزبان عربی که در دست ترجمه است .

مترجم اسماعیل حسینی

# سەرەتا

مەبەست لەم نووسراوە ئەوە نیە کە شێوەی هەورامي بەسەر شێوەکانیتری زمانی کوردیدا بەزیاتر سەیر بکرێت •

بەڵکو مەبەست ڕوون کردنەوەی مێژووی پیرشالیارو چۆنیەتی نووسینی کۆنو شێوەي ژیانو دیمەني ناوچەي هەورامانە ، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە مێژووي هونەرەکان •

هەروەها باس کردني چەند پیاوێکي ئایینی بەناوبانگ لە سەردەمي ڕابوردوودا بەکورتی •

لەوانەیە ڕای گەلێك خوێندەواری دڵسۆز ئەوە بێت کە شێوەي سۆرانی بەکار بهێنرێت لە خوێندنو نووسیندا ، وە بکرێ بە زمانی یەکخراو لە هەموو ناوچەکاندا ، چونکە ڕاستو ڕەوانو بێ گرێیە •

بەڵام ئەبێ هەوڵ بدەین لە شێوەکانیتري زمانی کوردي بکۆڵینەوە تا لە ئەنجامدا [ کۆزمانێك ] بەشێوەی سۆرانی بەدەست بهێنین •

خوێندەوراي بەڕێز ! ئەبێ ئەوەش بزانین کە زۆر لە کۆنەوە هۆنەرەکانی ناوچەي هەورامان بەبۆنەي سەختیی ناوچەکەیانەوە ، وە بوونی دەرامەتي وپێویستی ژیان بە بێ کەمو کووڕي لەو ناوچەیەدا ، ناچار نەبوون کە هۆنراوە بەزماني داگیر کەران وفەرمان ڕەوای بێگانە بڵێن ! •

بەپێچەوانەی هۆنەري شێوەکانیتر کە ناچار بوون بە زمانی ئەو فەرمان ڕەوایانە بنووسنو بخوێننو هۆنراوە بڵێن ، وە تاڕادەیەك زمانەکەي خۆیان فەرامۆش بکەن •

ئەگەر هۆنراوەیەك یاجۆریکيتری وێژە (ئەدەب)یان ووتبێ

بەشێوەي هەورامی بووە بە پەیڕەوي کردنی بوێژو هۆنەرەکانـــی ناوچەی هەورامان ٠

لەکۆتاییدا داواي لێبووردن ئەکەم ئەگەر کەمو کووڕی یەکتان بەرچاو کەوت لەم نامێلکەیەدا ٠

**محمد بهاء الدين ملا صاحب**

# بەشی یەکەم
## پیرشالیاری زەردەشتی

پیرشالیار کوڕی (جاماسپ) یەکێکە لەوپێشەوایانەی کە بەیرەوی ئاینی پێغەمبەر زەردەشتیان کردوە لە ناوچەی هەوراماندا ، وەك ئەلێن بەرستنی – هورمزد – هەر پیاوە ئاینیە بەناو بانگەکان لەسەریان بوە ، وە خەلکی تر لەوجۆرە پەرستنە بەخشراو بوون .

بەو پیاوە ئاینیانەیان ووتوە – پیر – لەمناوچەیەدا . ئەم پیرانــە زۆرن وەك ئەلێن نەوەدو نۆ پیرەی هەورامان ، وەك پیررۆســتەم ، بابابیدۆ ، پیرزەڕین ، پیرجان ، باباحــەیرانێ ، پیرداود ، پیرەوەتێ ، شالیار چیاو – هتد ..

پیرشالیار هەر لەسەر بیروڕای زەردەشت پــەڕاوێکی تایبەتی هەبووە بەناوی [ماریفەتو پیرشالیاری] ئەم پەڕاوە وەك ئاوێســـتا بەشێوەی هەورامی بووە .

قانع لەدیوانی شاخی هەوراماندا ئەلێت ؛
کتێبی زەردەشـــت کـە ئاویســـتایە
وەك باقـــی کتێب خەلاتی خوایــــە
بە زوان هەورامی هاتــە ســەر بەشـەر
یانێ های زەردەشت بووبە بەپێغەمەر
تادەوری خۆی بـــوو وەك باقي دینـان
بەلام نـــەســـخ بوو ئەویش بە قورئان
ماریفــــەتو پیر ووتــەی شـــالیارە
کـــە بە پیر شـالیار لە گشت دیـارە

شاخی هەورامان هەرچەند ڕەنجەڕۆم
زۆرچاك بزانـە كـەمەمنـوونی تـۆم

چونكـە پاراسـتت تۆ ئەو زمانـە
تێكـەڵت نـەكرد لـەگـەڵ بێگانـە

نە ڕۆم نـە عـەجـەم نە توركیتـاتار
نە رووس نە ژاپۆن نە دەست ئیستیعمار[(١)]

پیرشالیار لە یەكێك لە بەندەكانی (ماریفەت)دا ئەفەرموێ :

وەروێـوە وارۆ وەروە وەرێنـە
وەریسـە بڕیۆ چـوار سـەرێنە

کـەرگێ سـیاوە هێڵـە چەرمێنـە
گوشـڵێ مەمێڕیۆ دوە بـەرێنە[(٢)]

هەندێ لەپیاوە ریش‌سپی‌یەكان ئەڵێن مەبەستی پیرشالیار ئەوەیە كە ئاینێك پەیا ئەبێت وەك بەفری وا هەیە بەفر ئەتوێنێتەوە ، ئاینیك دێت ئەم ئاینەی ئێمە بەتاڵ ئەكاتەوە ، وە بریتیە لە چوار بەش ، وە وەك چۆن مریشكی ڕەش هێلكەی سپی ئەكات ، (محمد) ـ د . خ ـ لـە عبدالله ئەكەوێتەوە . هەركەس مرد یان بەهەشتیە ، یان دۆزەخی .

بەڵام محمد مردۆخ[(٣)] ئەڵێ مەبەستی ئەوەیە كە داوای یەكیەتی ئەكات لە هەورامیەكان وە ئەڵێت ، ئەگەر پارچە پارچە بن وەك بەفر

---

(١) شاخی هەورامان . ل ١٢

(٢) وەروە : بەفر . وارۆ : باری . وەرێنە : ئەتوێنێتەوە . وەریسە: گوریس . هێڵە : هێلكە . سیاو : ڕەش . چەرمە : سـپی . گوشڵێ : گۆزە . مەمێڕیۆ : ئەشكێ . بەرە : دەرگا .

(٣) تاریخ مردۆخ . ل [٢٢٤] بەشی یەكەم .

ئەتوێنەوە ، وەك گوریسێك کە یەك جار ببێ بە دوو لەتەوە چـــوار سەري هەیە • لەبەندێکي تردا ئەفەرموێ :

داران گیان داران جەرگ‌و دڵ بەرگن
گامێ پڕ بەرگن گامـــي بێ‌بەرگـــن
کەرگە جە هێلە ، هێلە جە کەرگـەن
ڕەواس جە ڕەواس وەرگ جە وەرگەن[1]

واتە :ــ درەختەکان وەك ئادەمیزاد گیان لەبەرن ، وە ئەوانیش جەرگ‌و دڵیان هەیە کە گەڵاو ڕیشەیانە ، وە ماوەیەك گەڵایـــان هەیەو ، ماوەیەك ئەوەرێ ، وە مریشك لە هێلکەیەو هێلکەش لــە مریشك پەیدا ئەبی ، ڕیوي لە ڕێویو ، گورگ لە گوزگ ئەبـن ، مەبەستی ئەوەیە چۆن درەخت پێویستی بە رەگوڕیشە هەیە ، هەروەها مرۆڤ پێویستی بە خزمو یارمەتی دەر هەیە بۆ ئەوەي بە هەموویانەوە بە کۆمەڵ بژین ، وە ژیانێکی پڕ کامەرانی بەدەست بهێنن ، مرۆڤ هەر لە مرۆڤ بووە ، وە پێویستە لەگەڵ مرۆڤ بژیت ـ گیا لەسەر بنجي خۆي ئەڕوێتەوە ، زۆر جار لەپاش تەواوبونی هەموو بەندێك لــە فەرمودەکانی ئەمەي خوارەوە دووبارە کراوەتەوە •

هـۆشت جە واتـەی پیرشـــالیار بـۆ
گۆشت جـە کیاستەي زاناي سـیمار بۆ

ئەڵێن مەبەســـتی ئەوەبوە کە بە دڵ ئاگات لە فەرموودەکانی پیرشالیار بێت، بەڵام گوێیش بگرە بۆ نێرراوی زاناي ڕەمزگۆ (محمد) درووودی خواي لێ‌بی • مەردۆخ ئەڵێت زاناي سیمار زەردەشتە ، وە

---

(١) کەرگ : مریشك • ڕەواس : ڕێوی • وەرگ : گورگ •

بە (وەخسوور) سیماری[1] ناوبانگی دەرکردوە •

بەڵام من وائەزانم مەبەستي لە ڕمزگو هەر (محمد)ە ، چونکە وتمان پیرشالیار لەسەر بیروڕاي زەڕدەشت بووە • لەبەرئەوە پێویست ناکات بڵێت هۆشت لە فەرمودەي پیرشالیار بێتو گوی‌یشت لە نێرراوی زەڕدەشت بێ •

هەروەها ئاوێستای زەردەشت ، بەشێوەی هەورامی کۆن نوسراوەتەوە ، وە ئەو هۆنراوانەش کە لە لاي جێشانەي سلیمانیەوە دۆزراونەتەوە ، وە لەسەر پێستی ئاسك نوسراون نزیکەي (١٣٧٠) هەزارو سێ‌سەدو هەفتا ســـاڵ لەمەوپێش لە دەوروبەری هەژدەی کوچ‌دا ، لەشکرێکی پێنج هەزار کەسی ڕووبەڕوی کوردستان هاتوە بۆ بڵاو کردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە سەرکردایەتی (ابو عبیدەی انصار)[2] وە عبداللهي کوري عمر ، ئەو ناوچەیە هەموو داگیر ئەکەن • وە لەئەنجاما (ابوعبیدە) لەپشت هەڵەبجەی ئێستاوە شەهید ئەکرێ و ئێستەش گۆری لەوێ‌یە • هۆنەرێکي ئەوسەردەمە نارەزایي خۆی لەو داگیرکردنە دەرئەبرێو ئەڵێ :

هـــورمزگـان ڕمـان ئاتــران کژان
وێشان شـــاردەوە گەورە گەورەکان
زورکـــاري ئارەب کردنـــە خاپـــور
گنا ئی پاڵـــە هەتـــا شـــارەزوور

---

(١) بروانە ( دبستان المذاهب) نووسینی احمد کوری ابو بکر لاپەرە (١٠) •

(٢) هەندی کەس بە هەلە وائەزانن ئەم ( ابو عبیـــدە ) یە کـوری (جراح)ە ، کەچی ئەو (ابوعبیدە)یە لە شـــام وەفاتی کردووەو لەوی نیژراوە •

شـــەنو کەنیکـــا وە دیـــل بشـــیا
مـــەرد ئازا تلـی وە ڕووی هوینـــا
ڕەوشـــتی زەڕدەشت مانۆوە بێ‌کەس
بزیکـــا نیکا (هورمزد) وە هیچ کەس [1]

واتە : مزگەوتەکان ڕوخان ، ئاگرەکان کوژانەوە ، گەورەکان خۆیان شاردەوە ، وە پیاوە ئاراکان کوژران ، وە لەناو خوێنا تلانەوە :

زۆرکاری عەرەب هەرلێرەوە تێی‌کەوتن تا شـــارەزور ، ژنو کچیان بەدیل گرت ئیتر ئایینو ڕەوشتی زەڕدەشت بێ‌کەس ئەمێنێتەوە وە هورمزد بەزەیی بەکەسا نایێتەوە • لێرەدا ڕوون ئەبێتەوە کـــە زەڕدەشت ئاگر پەرست نەبووە بەڵکو خاوەنی ئایینێکی خواپەرســـتی بووە •

ئەوەش بزانین بەشی ئەودیوي ناوچەی هەورامان تا ساڵی ۸٤۲ھ بەهۆی سەختی شوێنەکەیانەوە ، هەر بە سەرزار ئیسلام بوون ، وە لەژێرەوە لەسەر ڕەووشتی زەڕدەشتوماریفەتی پیرشالیار ڕۆیشتون •

تەنانەت جارێکیان کۆمەڵێك لە خەڵکي ئەوناوە لەناو خۆیانا باسی ڕابوردوی خـــۆیان ئـــەکەن ، یەکێکیـــان لە ریش‌ســـپي‌یەکی بەساڵاچوو ، ئەپرسێ ئەڵێ : ئەرێ مانە قرۆنی قەدیما یان ماریفەتو پیرشالیاری : واتە : قورئان کۆنە یان ماریفەت • ئەویش لە وەڵاما ئەڵێ

---

(۱) هورمزگان : هورمزگا ، جیگای پەرستنی هورمز بەشـــیوەی هەورامی • (مزگ)کە بە هـــەورامی بە (مزگەوت) ئەڵـــین کورت‌کراوەی هورمزگایە ، ڕمان : ڕووخاوە • ئاتران : ئاگر • کژان : کوژایەوە • کنیکا : کچ • تلی ، تلیا : تلایەوە • مانۆوە : ئەمێنێتەوە • وێشان : خۆیان • گنا : کەوت • ئی : ئەمە • پالە : هەرلێرەوە • ئارەب : عەرەب • بشینا : بردنیان : هوینـــا : خوێنا • بزیکا : بەزەیي •

[ماریفەتو پیرشالیاری ڤەدیما • ڤرۆنی هیزیگە گوشایشە كوڕی ئاوردەنش] • بەمانا ماریفەتی پیرشالیار كۆنترە • قورئان دوێنێ گوشایشە كوێر هێنای بۆ ئاومان •

گوشایش : كوڕی پیرمحمدی[1] هەورامی یە لە ساڵی ٧٩٠هـ لەدایك بووە ، وە لە ساڵی ٨٧٣ مردووە • لەبەر ئەوەي چاوي كەمێ مژمۆر بوون ، پێ یان ووتووە گوشایشە كوێر • دەستێكی باڵای هەبووە لە بڵاوكردنەوەی ئاینی ئیسلام لە ناوچەی هەوراماندا •

زۆر لە زاناو دادوەرەكانی [قاضی] ئەم ناوچەیە لە نەوەی ئەوون ، وەك مەلا عەباش ، مەلا ئیسماعیل ، مەلاشریف ، مەلا یعقوب ، مەلا سەعدی ، كە هەموویان لەمەوپێش ژیاون وە بەناوبانگ بوون •

بەڵگەیەكی تر كە هەورامانی ئەودیو بە ئارەزووي خۆیان ئیسلام بوون ئەوەیە ، (تیرداد) فەرمان ڕەوای كوردستان لە ساڵی ٣٣٨ز ئاینی عیسای پەسەند كردوەو ، وە بڵاوی كردوەتەوە بەڵام ناوچە شاخاوی یەكان بەتایبەتێ ئەم ناوچەیە بەگوێیان نەكردووە ، وە هەر

---

(١) پیرمحمد كە بە (بابا مەردۆخە) بەناوبانگە لە ساڵی ٦٨٠هـ لەدایك بوە ، وە لە ساڵی ٧٩٠هـ دا مردوە ، وە یەكێكە لە نەوەدو نۆ پیرەی هەورامان • وە گۆری لە نزیك گۆري پیرشالیارەوەیە ، لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا كچی شیخ ( شهاب الدین)ی دزاوەرِي مارە كردوە ، وە پاش ١٢ ساڵ گوشایش لەدایك بوە •
مەردۆخیەكانی ئەگا شیخان ، هەزاركانیان ، قەزەداغ ، محمد مردوخ ( آیة الله) زاناي بەناوبانگ لە نەوەي ئەوەن • هەروەها مامۆستا بەرزەكاني مەردۆخي قەرەداغ وەك شێخ عمري قەرەداغي هەموویان لە نەوەي ئەون • هەروەها شیخ محمد سعیدی تەختی وە (شیخ محمد قەسیم)ی مەردوخی هتد • كە لە ١٢٣٦دا مردووە •

لەسەر ئاینی زەردەشت و ماریفەتی پیرشالیاری یەکەم ڕۆیشتوون •

هەروەها ئەو شەڕە خویناوی‌یانەی کە لە ساڵانی ٣٠٧ – ٣٢٤ کۆچیدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسی‌یەکان‌دا لە سەروی کوردستان‌دا ڕویان‌داوە هەموویان شەڕی ئاینی وە بۆ پاراستنی ئاین بوون •

## جەژنی پیرشالیار

سی‌وپێنج ڕۆژ زستان ئەمێنێ ، هەورامیە دانیشتووەکانی ئەو دێیەی کە گۆڕستانی پیرشالیاری تیایە ، لە خانوەکەی خۆی‌دا هەموو ساڵێك ، سێ ڕۆژ جەژن ئەکەن ، خواردن هەر ئەو خواردنەیە کە لەوسەردەمەدا خواردوویانە وەك گۆشتەوە بڕوێش •

هەر لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا ، هەرکەسێ بەگوێرەی تەوانای خۆی ، بەرخ بێ ، یان کار یان گوێرەکە نیازی خێری پیرشالیاری لێ‌ئەهێنێ بۆئەوەی لەوڕۆژەدا سەریان ببرن ، وە ئەو ئاژەڵانە ئەدەنە دەست گزیرەکان بۆ بەخێو کردنیان بە جاڕەلۆی تایبەتی پیرشالیار خۆی کەتا ئیستەش ماوە ، وە لە دەربەندی [ملەمارفا]باغیك گوێزی هەیە •

ڕۆژێك پێش جەژن گوێزی ئەو باغە بەش ئەکرێتەوە بەسەر خەڵکا بەوە ئاگادار ئەبن کە سبەینێ جەژن دەست پێ‌ئەکات •

منالان بەیانی زوو لە ڕۆژی چوارشەمەدا دەست‌ئەکەن بە گەڕان بەکۆڵان‌دا ، بەدەنگی بەرز ئەڵێن (کلاوڕۆژنە) ئەوانیش چی لەبەر دەستیانا هەبێت بێ‌بەشیان ناکەن ، وەك گوێز ، مێوژ ، هەنجیری وشك دانولە • هتد •••

یەکێك لە نەتەوەي (هاڵیشا) کە یەکەمجار ئاژەڵی سەربڕیوە هەموویان سەرئەبڕێت وە خۆي سیوجگەرێك ئەبات بۆخۆي هەر تایفەیەك چی جۆرە گۆشتێکی پێدرابێ لە یەکەمجەژندا ئیستەش هەر ئەوجۆرەی ئەدەنێ •

بەڵام بڕوێش لە هەموو ماڵێك کۆئەکرێتەوە ئێوارەي پێنجشەمە گزیرەکان مەنجەڵی گەورە کۆئەکەنەوە نیوەي لێئەنێن منداڵان دێن هەریەکە بەشی ماڵی خۆیان ئەبات •

وە بۆ شەوی هەینی نیوەکەیتری لێئەنێن ، وە پیاوان هەموو لە خانوەکەي پیرشالیاردا کۆئەبنەوە ، کە بەس لەساڵێکا سێ ڕۆژ دەرگاکەي ئەکرێتەوە ، وە لەپێشەوە بە دووڕیز وە بە نۆرە دەستئەکەن بە هەڵپەڕکێ وە لەدواییدا ، هەموو دائەنیشن دەست ئەکەن بە نانخواردن پاشئەوە بەردێك کە پێي ئەڵێن (کۆمسا) کە لەنزیك گۆڕي پیرەوەیە ، گزیرەکان ئەیشکێنن وە بەشی ئەکەنەوە بەسەر خەڵکا بۆ موفەڕەکی ، وە ئەڵێن هەموو ساڵێك وەك خۆي لێ دێتەوە ، چلو پێنج ڕۆژ ، لە بەهار ئەڕوات کە زوربەی خەڵك نیازی چوونە هەوارگەکان ئەکەن دووبارە لە سەر گۆڕستانی پیرشالیار نانێك ئەخۆن ، وە داواي سەرکەوتنی لێئەکەنو ڕوو بە هەوارگەکان بڵاو ئەبنەوە •

تائێستە بۆ ئێمە ڕوون نەبوەتەوە کە ئایا ئەم جەژنە جەژنی پیرشالیاري زردەشتی کوڕي جاماسبە ، یان جەژنی پیرشالیاري دوەمە کە لە نەتەوەي پیرشالیاري یەکەمە وە لە ساڵی (٤٨٠ھ)دا خەوێکی دیوە بە (محمد)ەوە (د•خ) وە بەیانی زوو ئیسلام بووە وە ناوی خۆي گۆڕیوە بە ( مصطفی کوری خداداد) وە هاوچەرخی شیخ عبدالقادري

لەسەر ئاینی زەردەشت و ماریفەتی پیرشالیاری یەکەم ڕۆیشتوون •

هەروەها ئەو شەڕە خویناوی‌یانەی کە لە سالآنی ٣٠٧ – ٣٢٤ کۆچیدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسی‌یەکاندا لە سەروی کوردستاندا ڕویان‌داوە هەموویان شەڕی ئاینی وە بۆ پاراستنی ئایین بوون •

## جەژنی پیرشالیار

سی‌وپێنج ڕۆژ زستان ئەمێنێ ، هەورامیە دانیشتووەکانی ئەو دێ‌یەی کە گۆرستانی پیرشالیاری تیایە ، لە خانووەکەی خۆی‌دا هەموو سالێك ، سێ ڕۆژ جەژن ئەکەن ، خواردن هەر ئەو خواردنەیە کە لەوسەردەمەدا خواردوویانە وەك گۆشت‌وە بڕوێش •

هەر لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا ، هەرکەسێ بەگوێرەی تەواناى خۆی ، بەرخ بێ ، یان کار یان گوێرەکە نیازی خێری پیرشالیاری لێ‌ئەهێنێ بۆئەوەی لەوڕۆژەدا سەریان ببرن ، وە ئەو ئاژەلانە ئەدەنە دەست گزیرەکان بۆ بەخێو کردنیان بە جاڕەلۆی تایبەتی پیرشالیار خۆی کەتا ئیستەش ماوە ، وە لە دەربەندی [ملەمارفا]باغێك گوێزی هەیە •

ڕۆژێك پێش جەژن گوێزی ئەو باغە بەش ئەکرێتەوە بەسەر خەلکا بەوە ئاگادار ئەبن کە سبەینێ جەژن دەست پێ‌ئەکات •

منالان بەیانی زوو لە ڕۆژی چوارشەمەدا دەست‌ئەکەن بە گەڕان بەکۆلاندا ، بەدەنگی بەرز ئەلێن (کلاوڕۆژنە) ئەوانیش چی لەبەر دەستیانا هەبێت بێ‌بەشیان ناکەن ، وەك گوێز ، مێوژ ، هەنجیری وشك دانولە • هتد •••

یەکێك لە نەتەوەي (هاڵیشا) کە یەکەمجار ئاژەڵی سەربڕیوە هەموویان سەرئەبڕێت وە خۆي سیوجگەرێك ئەبات بۆخۆي هەر تایفەیەك چی جۆرە گۆشتێکی پێدرابێ لە یەکەمجەژندا ئیستەش هەر ئەوجۆرەی ئەدەنێ •

بەڵام بڕوێش لە هەموو ماڵێك کۆئەکرێتەوە ئێوارەي پێنجشەمە گزیرەکان مەنجەڵی گەورە کۆئەکەنەوە نیوەي لێئەنێن منداڵان دێن هەریەکە بەشی ماڵی خۆیان ئەبات •

وە بۆ شەوی هەینی نیوەکەیتری لێئەنێن ، وە پیاوان هەموو لە خانوەکەي پیرشالیاردا کۆئەبنەوە ، کە بەس لەساڵێکا سێ ڕۆژ دەرگاکەي ئەکرێتەوە ، وە لەپێشەوە بە دووڕیز وە بە نۆرە دەستئەکەن بە هەڵپەڕکێ وە لەدواییدا ، هەموو دائەنیشن دەست ئەکەن بە نانخواردن پاشئەوە بەردێك کە پێي ئەڵێن (کۆمسا) کە لەنزیك گۆڕی پیرەوەیە ، گزیرەکان ئەیشکێنن وە بەشی ئەکەنەوە بەسەر خەڵکا بۆ موفەڕەکی ، وە ئەڵێن هەموو ساڵێك وەك خۆي لێ دێتەوە ، چلو پێنج ڕۆژ ، لە بەهار ئەڕوات کە زوربەی خەڵك نیازی چوونە هەوارگەکان ئەکەن دووبارە لە سەر گۆڕستانی پیرشالیار نانێك ئەخۆن ، وە داواي سەرکەوتنی لێئەکەنو ڕوو بە هەوارگەکان بلاو ئەبنەوە •

تائێستە بۆ ئێمە ڕوون نەبوەتەوە کە ئایا ئەم جەژنە جەژني پیرشالیاري زردەشتی کوڕي جاماسبە ، یان جەژنی پیرشالیاري دوەمە کە لە نەتەوەي پیرشالیاري یەکەمە وە لە ساڵێ (٤٨٠هـ)دا خەوێکی دیوە بە (محمد)ەوە (د•خ) وە بەیانی زوو ئیسلام بووە وە ناوی خۆي گۆڕیوە بە ( مصطفی کوری خداداد) وە هاوچەرخی شیخ عبدالقادري

گەیلانی بووە • وەك مێژوونووسەکان نوسیویانە پاش ئەوەی ئیسلام ئەبێت دەستکاری ماریفەتەکەی پیرشالیاری زەردەشتی کردوە بەتایبەتی ئەو بەندانەی کە لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا یەك نەئەکەوتن •

## نووسینێ کۆنی ئەم ناوچەیە :ـ

لە ساڵی هەزارو سێسەدو بیستو هەشت (١٣٢٨هـ) سید حسین ناوێك لە هەورامان لەناو کوپەڵەیەکی پڕ لە هەرزندا ، سێ نوسراو ئەدۆزێتەوە ، کە ئەو نامانە ئەکەونە دەست پرۆفیسور (براون) ئەیانبا بۆ پرۆفیسۆر (منس) کە شارەزا بوە لە زمانی یۆنانی کۆندا ، یەکێك لەو نامانە بە زمانی کوردي وە شێوەی هەورامي کۆن بووە کە ٨٨ ساڵ پێش میلاد نوسراوە ، وە ئاشکراي کردوە کە فەرمانڕەوای ئەو سەردەمەی ناوچەی هەورامان ناوي ( بەهمەن[١] ) بووە ، وە دوو نامەکەيتر یونانی کۆن بوون ، وە ئاوێستاي کۆن بەشێوەي هەورامي وە بە پیتي ـ ملسی سۆراتی[٢] نووسراوەتەوە • وە لە نامەخانەي گشتی لە تاران چەند لاپەڕەیەك لە ئاوێستا تا ئێستاش ماوە •

بەراوردێك[٣] لەگەڵ شێوەي ئاوێستاو شێوەي هەورامیو سۆرانیدا

---

(١) بە هەژدە پشت ئەچێتەوە سەر بەهمەنی یەکەم کوری ئەسفەندیار با پیرە گەورەي فەرمان ڕەواکانی هەورامان [ل ٤٠ بەشی یەکەم مێژووی مەردۆخ •

(٢) ماسي سۆراتی ئەوکەسەیە لە سەدي دەیەمي پێش میلاد ئەو پیتانەی داناوە پروانە پەڕاوي (شوق‌المستهام فی رموز الاقلام )

(٣) ئەم لیستەیە بە دەستکاريیەوە لە پەراوەکەي مامۆستای بەنرخ شاکر فتاح (زەردەشت) وەرگیراوە •

| ئاویستای کۆن | شێوەی هەورامی | شێوەی سۆرانی |
| --- | --- | --- |
| بەرزەدا | بەرزا | بەرزە |
| ماسیا | ماساوي : مەس‌ئاوی | ماسـی |
| ئەشترا | ووشتر | حوشتر |
| مەخشی | مەشـی | مێش |
| وەرخـا | وەرە | بـەرخ |
| شـەن | ژەنی | ژن |
| مانۆوە | مەنۆوە | ئەمێنێتەوە |
| هـۆر | وەر | خـۆر |
| | زۆر لە ووشەي (و) لە هەوراميدا ئەبێ بە (خ) لەشێوەي سۆرانيدا وەك وێشان = خۆيان واردم = خواردم وێم = خۆم وونی = خوێن | |

لە لیستەی ئەودیو بۆمان دەرئەکەوێت کە شـێوەی هـەورامی تـا ئیستەش جیاوازي ئەخات لە بەینی نێرو مێدا :

| شێوەي هەورامی | | شێوەي سۆرانی | |
|---|---|---|---|
| بۆ نێر | بۆ مێ | بۆ نێر | بۆ مێ |
| شیروان ووتەن | نگاري ووتێنە | شیروان نووستوه | نگاریَ نووستوه |
| ئا کوڕە هەتیما | ئا کناچی هەتیمەنە | ئەو کوڕە هەتیوه | ئەو کچە هەتیوه |
| کەش ڕەنگینا | دەشتە ڕەنگینەنە | کەژ ڕەنگینە | دەشت ڕەنگینە |
| هەنگوین شیرینا | هەنگوری شیرینەنە | هەنگوین شیرینە | تریَ شیرینە |
| شێرکۆ ئامانۆ | شیرینە ئامێنۆ | شێرکۆ هاتوەتەوه | شیرین هاتوەتەوه |
| ڕۆ دڕێژا | شەوە دڕێژەنە | ڕۆژ درێژه | شەو درێژه |
| تەوەر تێژا | کاردی تێژەنە | تەور تیژه | چەقۆ تیژه |
| کەیکاووس کوشیان | ئەختەرە کوشێنە | کەیکاوس کوژراوه | ئەختەرکوژراوه |
| گێلاَیوەشا | جەژنە وەشەنە | گەڕان خۆشە | جەژن خۆشە |
| نەوزاد لوان | پەریزادە لوێنە | نەوزاد ڕۆیشتوه | پەریزاد ڕۆیشتوه |
| کەڵەشێرەکە زلا | کەرگەکێ زلەنە | کەڵەشێرەکە گەورەیە | مریشکەکە گەورەیە |

## لێ کۆلینەوەیەك لەسەر ابراهیم و زەردەشت

مێژونووسەکان دەربارەي مێژووی زەڕدەشت زۆر جیاوازی‌یان هەیە ، بەڵام ئەوەی گومانی تیانیە زەڕدەشت زۆر بوون .

ئەرستۆ نووسیویەتی ۶۰۰۰ شەش هەزار ساڵ پێش دەوری ئەفلاتون بووە کە تائیستە ئەکاتە نزیکەی ۸۳۷۷ ساڵ مێژوونووسی یونانی (گزان‌نۆس) نووسیویەتی هەزارو هەشتا ساڵێ پێش میلاد بووە،

وە زەردەشتێکی‌تر بووە کە ئەڵێن دوو هەزارو سەد ساڵ پێش لەدایك‌بوونی عیسا بووە •

وە دوا زەردەشت ئەو زەردەشتەیە کە زیاتر لە - ١٠ - مێژوو نووسي وەك [مسعودی ، حمزەی أصفهانی ، یاقوت ، قەزوینی] هتد... نوسیویانە لە سەر دەمي (گوشتاسب) لە وورمێ - لەدایك بووە ، باوکی ناوی (یۆرشەسب) بووە دایکي ناوکي (دەغدۆڤا)یە وە لەساڵی ٦٠٠ پێش میلاد بووە •

(گوشتاسب) ئەم ئاینەی پەسەند کردوە وە بووە بە هۆی بڵاوکردنەوەی •

ئەم زەردەشتە [بەرجیست ] کچی [جاماسب] وەزیری گۆشتاسب ی مارە کردوە ، وە کچی برایەکی خۆی بەناوی (ئاهو) مارە کردوە لە جاماسب وە پەڕاوی ئاوێستا بۆ ئەم هاتوە کە بەزمانی ئەو سەردەمەي کوردەکان بووە •

[جاماسبی] باوکی پیرشالیاری یەکەم هاوناوی ئەو جاماسبەیە کە وەزیری (گوشتاسب) بووە بەڵام نازانرێ بە چەند پشت ئەگاتەوە بەو جاماسبە •

مێژوو نووسان ، احسان نوری ، ( فردەوس )وە ( ابن الاثیر ) نووسیویانە زەردەشت‌و ئیبراهیم هەر یەکێکن وە لە دەست دوژمنانی خۆی ، دەرباز کردوە تا گەیشتوەتە [کەنعان] •

ئەگەر بە راوردی مێژووی زەردەشتەکان بکەین ، ئەبێ بڵێین ئیبراهیم ئەو زەردەشتەیە کە دوو هەزارو سەد ساڵ پێش میلاد بووە چونکە بە نووسینی هەندێ مێژوو نووس ئیبراهیم لەو سەردەمەدا بووە•

وە لە دەورو[1] پشتی (ئۆرەوە) رۆیشتوە بۆ [کنعان] ، دیسانەوە هەندیکی تر[2] نووسیویانە ئیبراهیم دوو سەدو نەوەدو دوو ساڵ پاش تۆفانی نووح لەدایك بووە وە ئەو تۆفانە لە دەورو پشتی دەریای خەزەر بووە لە ۳۲۰۰ – ۲٤۰۰ پێش میلاد وە لەسەر کێوی جودی = گودی کە بەشێکە لە زنجیرەی ئەرارات کەشتیە کەی وەستاوە ٠

ووشەی کوردی لە گودیەوە هاتووە ٠

وە لە پەراوی (رفع الخفا)دا ئەڵێ شاری نەهاوەند[3] لە کاتی خۆیا نوح بنیاتی ناوە لەنزیك هەمەدانی ئیستاوە لەوێ نیشتەجێ بووە ٠

دووبارە (هاك)ی ڕۆژهەڵات ناس الەدایک، بوونی ئیبراهیم ئەگێرێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵێك پێش لەدایك بوونی موسا – دەخ – ٠

لە پەڕاوێزی = حاشیەی (محي الدین)ی عربی لەسەر تەفسیری خازن نووسیویەتی ئیبراهیم خەڵکی کۆیەی عراقە ٠ وە تائیستەش جێگاو شوێنی نەمرود لەنزیك ڕانیەوە ماوە کە لەوێ ئاگری بۆ ئیبراهیم کردوەتەوە[4]

---

(١) المنجد فی الادب والعلوم ل/٤ ئەڵێ ٢١٠٠ سال پێش میلاد بووە ٠

(٢) اطلاعات عمومی ٠

(٣) نەهاوەند = نووح ئاوەند ٠ نووح ئاوا ٠

(٤) نەمرود : نەمارد کوڕی کوش ، کوری حام کوری نوح ، وەك لە تەورات سیفری تەکوین سیفری دەیەم ئایەتی هەشتەم نووسراوە٠ نەمرود باوکی نینۆس بووە کە نەینەوای دروست کردوە ٠ پاش ئەوەي پایتەختی لە ئاشور گویزاوەتەوە بۆ ئەوێ نەینەوا = نین ئاوا ، وە نینۆس سەمیرامیس = شمارمێی کچی (بیلەرس)ی زانای فەلەکی کلدانی بووە کە لە سالی دوو هەزارو شەستونۆی

چونکە ئیبراهیم لەوسەردەمەدا دەستی کردبو بە بڵاوکردنەوەی ئاینو بیرو ڕای خۆی • ڕۆژێك بە دایکی ووت دایە نەمرود ئەڵێ من خوای سەر زەمینم ، ئەی خوای ئەو کێ یە ؟

دایکی پێی ووت ڕۆڵە با نەمرود نەزانێ لەناوت ئەبات ، ئەویش ووتی ، خوا ئەو خوایەیە کە نەمرودو ڕۆژو مانگو ئەستێرەو هەموو گیان لە بەرێکی درووست کردوە • ڕۆژێ چوە ناو بتخانەکەیانەوە بتەکانی بە تەور شکاندن وە لەدوایدا تەورەکەی خستە سەرشانی بتە گەورەکەیان ، کاتێ خەڵك پێیانزانی ووتیـــان بۆ ئـــەم بتانەت شکاندون ؟ ئەویش ووتی ئەبێ بتە گەورەکەیان رقی هەستابێتوە ئەم کارەی کردبێ لێی بپرسن ؟ ئەوانیش ووتیان بەردێك چۆن گفتوگۆ ئەکات • ئیبراهیم فەرموی ئەی بۆ ئەیان پەرستن ؟ ووتیان لەسەر بیرو باوەری باپیرانمان ئەڕۆین ، ووتی ئێوەو ئەوانیش بەهەڵەدا چون • بە فەرمانی نەمرود ئاگرێکی تیژیان بۆ کردەوە کە بیسوتێنن • لە پەراوی (كشف الغمة)دا نووسراوە ئەوەي خستیە ناو ئاگرەکەوە پیاوێك بوو لە هاو رەگەزو هاو زمانی خۆی لە کوردەکان بەمانا ئیبراهیم کـــورد بووە[1] •وە لە تەفسیری (بیضاوي) لە سورەتی (الانبياء) ئەلێ ئەوەی ئاگرەکەی بۆ کردەوە بەلاي هەندێ کە سەوە نەمرود بووە وە بەلاي هەندێکیترەوە پیاوێکی کورد بووە بەڵام خوا ئاگرە کەي ســـارد

---

پێش میلاد بوە ، لەکاتێکا کە ئاشوری داگیر کردوە • شمارمێ بە یەکەم شاژنی جهان ئەناسرێ وە لە دانانی پیلانی شەردا دەستیکی باڵای بوە یارمەتی نینۆسی داوە لەداگیرکردنی مادی کۆنو هیندا (بروانە مێژووي هـــەورامانی کۆن لاپـــەرە ١١٢ ، ١١٧ وە جاماسبنامە لاپەرە ١٢٨) •

(١) دەست نووس : باسی ئیبراهیم ل [٤٧]

کردەوەو ئیبراهیم بە سەلامەتی هاتە دەرەوە (قلنا یانار کونی برداً وسلاماً علی ابراهیم) • (ابن عباس) نووسیویەتی یەکەم کەسێك لە پێغەمبەران کە بەعەرەبی گفتوگۆي کردبێ ئیسماعیل کوری ئیبراهیم بــووە وە ئەویش لە هۆزی (بني جرهم)[1] کەهاتــن لــەنزیك بیری زەمزەم نیشتەجێ بوون وە لەوانەوە فێری ئەو زمانە بوو •

ئیبراهیم کە گەیشتە کنعان تەمەنی سەدساڵ بوو ئیساعیلی کوڕی ٣٠ ساڵان بوو وە یارمەتی باوکی ئەدا لە درووست کردنی (کعبە)دا •

وە ئەگەر بێتو دڵنیا نەبین لەوەی کە مێژوو نووسان نووسیویانە ئیبراهیمو زەردەشت یەك کەسن خۆ ئەبێ بتوانین بڵێین کە هەردوکیان پێغەمبەر بوون وە کوردن وە ئاینەکەیان خواپەرستی بووە وە ئاینی زەردەشت مەگوشی = مەجوسی نیـــە وە خوای گـــەورە لـــەدژ ئاگرپەرستەکان ناردویەتی •

ووشەی هەورام • هەندێ ئەڵێن هەورام لە ئەورامەوە هاتوە وەك ( محمود الدرة ) • وە زۆرجار ئیبراهیم لە پەراوەکانی مێژوودا بــە ئەورام ناوبراوە بەمانا هەورامیەکان ئەدرێنە پاڵ ئیبراهیم • هەندێکی کە ئەڵێن مەروان = مەریوان وە ئەورام = هەورام دوو برا بوون •

## شۆینو دیمەنو ژیانی ئەم ناوچەیە :

ناوچەی هەورامان لە ڕۆژهەڵاتیەوە شاری سنەیە وە ڕۆژ ئاوای شارەزوور • لای سەرەوەی مەریوان ، وە خوارەوەی جوانڕۆیە • ژمارەی دێکانی زیاترە لە سەدو شەستو هەشت دێ کە هەندێکیان وەك شارێکی خنجیلانە وان ، وەك : تەوێلە ، پاوە نۆدشە ، نەوســود ،

---

(١) باسی پیغمبەران : جمال الحسینی لاپەرە [١٠٢]

پایگەلان ، بیارە ، بێساران ، هوویە ، هەوراهانی‌شار ، دزلی ، ڕەزاو . وەنەبێ هەر لەم‌ناوەدا هەورامیەکان جێ گیر بن ، بەڵکو زەنگەنەی ناوچەی لەیلان ، باچەلانی ناوچەی خانەقین ، شەبەکی ناوچەی موصل ، هەندێ لە تالیشەکانی ناوچەی خەزەر ئەمانە زۆربەیان بەم‌شێوەیە گفت‌وگۆ ئەکەن ، وە وەك (عصمت شریف) نوسیویەتی هەندێ لە زازاکانی تورکیا بە هەورامی گفتوگۆ ئەکەن . بەشێوەیەکی گشتی هەورامیەکان ئەکرێن بە دوو بەشەوە :

١ ـ هەورامیەکانی تەخت .

٢ ـ هەورامیەکانی لهۆن .

**١ـ هەورامیەکانی تەخت :**

ئەم فرمان‌ڕەوایانەیان هەبووە ، نادرسان کوڕی ڕۆستەم ، کوڕی بارام ـ کە پێی‌یان ئەڵێن (هەسەن سانی) . بارام شەش کوڕی بووە ١ ـ سەردار ٢ ـ قادر ٣ ـ عزیز کە باوکی مەحمود خانی دزلی بووە ٤ ـ حان‌الله بەگ ٥ ـ حیدر ٦ ـ حبیب‌الله .

**٢ـ هەورامانی لهۆن :**

ئەم فەرمان‌ڕەوایانەیان هەبووە : عثمان سان کە أحمدو حەمەسعید کوڕی ئەو بوون .

حەمەسعید شەش کوڕی بووە ، ١ ـ عبدالرحمن ٢ ـ عثمان ٣ ـ ڕۆستەم ٤ ـ فتاح ٥ ـ جعفر ٦ ـ محمد حەمیتە .

وە جعفر سلطان (٢١) کوری بووە . وە ڕۆستەم ئەم کوڕانەي بوون ، ١ ـ ئافراسیاب ٢ ـ حسین ٣ ـ تەوفیق .

ئەم فەرمان ڕەوایانەی تەخت‌و لهۆن ئەچنەوە سەر یەك نەژاد کەبەهمەن کوری ئەسفەندیارە .

حەمەسعید سان لەگەڵ عبدالرحمن بەگی کوڕیا لە قەڵای جوانڕۆ بەدەستی ( شرف الملك ) کوژراون • پاش ئەو ڕوستەم[1] بووە بە سانی هەورامان ، وە پاش ئەو حەمە صالح ، پاشان جعفر سلطان بووە بە سانی هەورامانی لهۆن •

بەرو بوومی ناوچەی هەورامان بەزۆری ، گوێز ، توو ، هەرمێ، ترێ وە گەلی شتیتریش هەیە •

سەرچاوەی ئاوی شیرین‌و هەوای سازگارو دیمەنی چیا بەرزە ڕەنگینەکانی لەگەڵ دیمەنی جۆگە ئاوی روون بەژێر باخەکاندا هەر وەك بەهەشتێکی ڕەنگین وایە •

خەڵکی ئەمناوە پێویستیان بە کەس نەبووە لەژیانیانا •

خۆیان توانیویانە هەموو پێویستی‌یەك دروست بکەن وەك ڕانکو چۆغە ، جاو ، کەوچك ، کلاش ، پێڵاو ، چەقۆ ، خەنجەر ، شانە ، تەشی ، کڵاوی خوری ، لباد سەبەتە ، فەرەنجی‌و کەرەك ، وە هەموو پێویستیەکی ناوماڵ ، تەنانەت ڕانکوچۆغەی باش تائێستەش نرخەکەی نزیکی نرخی قوماشی ئینگلیزی ئەکاتەوە •

ناوچەی هەورامان زۆر شوێنی سەیرانگەو جێگای رابواردنە ئەم هۆنراوانەی مامۆستا (گۆران) کە (دانای هەورامی) کردونی بە پێنج‌خشتەکی هەندێ لە دیمەنی هەورامان ڕون ئەکەنەوە :

دێ لەناو دۆڵی پێچو پەنایە
خانو لە قەدپاڵ کەژو کێوایە

---

(1) لە سالێ ١٣٠٩دا کوژراوە •

ئاوەدانو پڕ خۆشیو هەرایە
کام بەربەرۆچکەی بەروز سەفایە
چەشنی دڵی شاد دێیە ئاوایە

مرۆڤ لە سەیری گەشتی ئەبێ لێو
هاوین لەناو باخ بەخێزانو خێو
دەورو پشتی دێ ڕیزەداری مێو
یەك لەسەر یەکتر بەرەو لوتکەی کێو
بۆ ئاسمان ئەچن وەك پێپلکەی دێو

هەندێ ڕێگای ڕاست ، هەندێ لارو چەوت
لەپاڵ چەمێکا کە دێت لێ دەرکەوت
کەمیان یەك نهۆم مەگەر بە هەڵکەوت
لە دێدا کام جێت گەورە بەرچاو کەوت
ماڵی ئاغایەو خانەقاو مزگەوت

کاتێ ئەزانی وای لە بەهەشتا
هەزار خەیاڵی خۆش دێ بەسەرتا
هەوای سازگار ، ئاو لەبەردەمتا
خانوی بەگزادە لەسای درەختا
ئارامی بووکە لە کۆشی بەختا

خەڵکی هەورامان وەك لەوێ بووم خۆم
هەندێ باغەوان هەندێ جۆلاو دۆم
ئەوکارەی لەوێ ئەکرێ مەر لە ڕۆم
خانوی ئەهالیش زۆریان دوو نهۆم
هەندێ قنجوقیت ، هەندێ لارو کۆم

لــه یــادم ناچێ تا ئەمنێنــــه گــڵ
تا لێـــدا نەبزی نەســـرەواوی دڵ
ئەنالێم هــەر وەك بولبولی سەرچــڵ
ژنی هــەورامان سـەرتاپا خشــڵ
ســەرچاوەی بۆنی مێخـەکو سـمڵ
بــە لەنجــەو لارو بــەچاوی پڕ کل
لێو ئاڵو ڕەش‌خاڵ سرکەیي لـە مـل
گفتوگۆ شیرین وەك نەغمەي بولبـول
تا بڵێی تــەڕپۆش ئاڵو والآجــل
بەژنو بالآ جــوان بەدەن نەرمــوشل
پڕیـە لــە خۆشیو لــە کامــەرانی
ســەد دڵی غەمبــار ئــەبێ حەیرانی
شــنەي شــەماڵی ســەر کۆسارانی
عشــقی ئێوارەی ســەرەرێی کانی
بــەرئەداتــە چــەم کڵبەی گۆرانــی
عیوی هــەرزەکار پڕ لــە ســەدایه
تا ســەرلوتکەي شاخ کەیفو ســەمایه
دەنگی گۆرانیـو پێقــەی زورنایــه
ڕۆژئاوا ئــەبێ چـەم تاریك دایــه
دەنگی (کنا لە یـــل) هەر دوایي نایه

# بەشی دووەم

## وێژە = ئەدەب بەم شێوەیە :

تاماوەیەك لەمەوپێش زوربەی هۆنەرەکانی کوردستان بەشێوەی هەورامی هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە ، هەرچەند بریتی بوون لە ستایشو پیاهەڵدان وە ( تصوف ) ، غەزەل وە بەدیمەنی چیاو هەردەکاندا لەگەڵ باسی شەماڵ هتد ..

ئەمەش سوچ لەوانەوە نەبووە ، دیارە ئەو دەمـــەی بوێژ یـــا هۆنەری تیائەژی هۆنراوەکەی یا نوسراوەکەی هەر جـــۆر بێت ، لەگەڵ ئەو شوێنەوارەدا (بیئة) پەیوەندی تەواویان هەیە ، ئاشکرایە تا ڕەوڕەوەی گەلێك بەرەوپێش‌تر بڕوات شێوەی ئەدەبەکەی بەوجۆرە ئەگۆڕرێت . تەنانەت هەندێ ووشەی بنچینەی زمانەکەش وەك خۆی نامێنێ‌تەوە .

لەمەوپێش هۆنـــەر زۆرتر گوێی بە (بلاغـــــة) و هونراوەی گرێ‌دارو پڕ لە نهێنی داوە بەتایبەتی ووشەی چـــوون یەکی تەواو (الجناس التام) وە یاچوون‌یەکی ناتـــەواو (الجناس الناقص) وە زۆر جۆری‌تر لە (رتوش = جوان کردن = بدیـــع) و ڕازانـــەوەی هۆنراوەکانیان ، کەواتە ووتراوێ هەر بوێژێك بەستراوە بە چۆنیەتی ژیانی ئەوگەلەی کە تیایا ژیاوە . ئیتر ئەو هۆنراوەیە (تصوف) یـــا نیشتمان پەروەري بێت هۆنراوەی یەکیەتی بابەت یا سەربەست بێت .

نابێ گلەیی بکەین وە بڵێین بۆچی مەولەوی یان بێساراني یان سەیدەی هەورامی هەر بە [ تصـــوف ] یان دیمـــەنو بەژنو باڵادا هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە .

ئایا ئەگەر گۆران ، یا کامەران ، یا هەردی ، لەوسەردەمەدا بونایە ئەم هۆنراوە جوانە نیشتمان پەروەریانەیان ئەوت ؟

دیارە نا • لەم پەرتوکەدا هەندێ لەو هۆنەرانە کە بەمشێوەیە هەڵبەستیان ووتوە چی لەتەواناد نیت باسیان ئەکەین لەگەڵ چەند هۆنەرێك لە شێوەکانی تر •

## سەیدەی هەورامی

ناوی سید حەمە صادق کوری سید علی‌یە لە سەدەی شانزەهەمدا ۱۵۲۰م لە ناوچەی هەورامان ناوبانگی دەرکردوە بیرو باوەڕو جۆری هۆنراوەکانی ئاوێنەیەکن بۆ هۆنراوەی ئەو سەردەمە کە باسی سروشتو هەوارگە ڕەنگینەکانی ئەم ناوچەیە ، هەروەها پیا هەڵدانو ستایشی ئاینی، وە چۆنیەتی ژیانی ، ئەو سەردەمە ڕون ئەکاتەوە کە تیایا ژیاوە •

سەیدە لە زۆر (علمەکاندا) پایەیەکی بەرزی هەبووە وە لەلای مەلا جەلالی گەورە لە حورماڵ ئیجازەی وەرگرتوە •

وە وەك ئەڵێن سەیدە یەکی تریش‌بووە لە سەردەمی (مصطفی بەگی کوردی)دا بووە ناوی (حەمە لەتیف) بووەبەگوێرەی هۆنراوەیەکی کە ئەڵێ :ـ

هیجری نەزانان •• هیجری نەزانان
تو بە حاڵی دەرد ئیمەت نەزانان
من سەیدیم سەردار سپای دێوانان
کوشتەی دەردی عشق زەدەی هیجرانان

چوونکه یەکەمجار ناژناوی گوردنی « هیجری » بووە .

ئیمە هەرئەوەندە لە توانامانداا بوو دەربارەی سەیدە نووسیمان ،

هیوادارین لەمەولا بەتەواوی مێژووی ژیانی سەیدە ڕوون بیتەوە .

سەیدی لەم پارچە شیعرەیداچۆنیەتی ژیانی ئەو سەردەمە

ڕوونئەکاتەوە کە ساوەرو بڕوێشیان بە دەستهاڕ هاڕیوە :

هارە سەختەنی .. هارە سەختەنی

تۆ خۆ کەم قیمەت سەنگی سەختەنی

جای بڵند ئیقباڵ ساحیب بەختەنی

یار ئامان وەلات جەهدو جەختەنی

تراشیدەی دەست سەر ئۆستادی باش

جەستەی پڕ زەخم قوڵنگەی سەنگتاش

یادگار ئۆستای قەدیم زەمانان

دەسئاسی دەسکێش خەیاتە خامان

چمان تاشیای تۆشەی فەرهادی

دەستش جە نەمام داری شمشادی

ئارۆ قیبلەی من بە لەنجەولارە

تەشریفش وەلای تو ئامان هارە

دیم شیرین نیشتەن دانە مەدۆیش

هارەش هار کەردەن دەور مەدۆ نە وێش

مەگێلو بەدەو چون چەرخ چەپگەرد

هەیاهوش گەرمەن مەناڵۆ جە دەرد

ئاگات بۆ دەستش یە پەنجەی یارەن

پەنجەش ڕێش نەبۆ هارە هاوارەن

شـيرين بە سـەد ناز مەكێشـۆ دەستە
دانـە مەدۆ پێش چوون ئاوات وەستە
دانەش مسـتانی چـنوون سـتەمكاران
مەكـەريش وە گـەرد توتيـای شـاران
تاقـەت شـی جەلام واتـم ئەی هارە
بە مەودای ئـەلماس پارە بـای پـارە
تـۆ دەست شـيرين دەسـتەكێشـتەن
ئـاواتت بڕيـان ، نالـەی چێشـتەن
بـا مـن بنالـو ڕوان تا شـەوان
زەدەی هيجرانـم دەردم بێدەوان
هارەی هەراسـان هەردەی هەردەگيـل
وەس دەور دە نە وێت چوون دێوانەی وێل
ئانە شـيرينەن دل بـەر دلسـتان
دلچێت مەسـانۆ مەكەرۆت داسـتان
چەنی كـەس تا سـەر هەرگيز يار نيەن
ياری ساحيب شـەرت وەفادار نيـەن
هـەركاتێت زانـا هـۆرێـزا بـە قەسـت
چوون بێبەينەتان جە تۆش كێشا دەست
شـی بـە ماوای وێش تەشريف بـەردەوە
تۆش ئاسـتی وەلای داخـو دەردەوە
كۆتابـی سـەداو نـەعرەتـەو دەنگت
بێقيمـەت گنای كـبەساس بی سـەنگت

بـــەو دڵـەی پڕ ســۆز مەینەت بارەوە
پێچیـــای بــە دەرد دووری یـــارەوە
ئـەوســا چەنـی زام بێدەوای خەتـەر
ماتمەبسی بێدەنگ جەسـەیدی بەتـەر
ســەیدی عار نیەن ســەیدی عار نیەن
هــەرکەس عاشقەن ناڵەش عار نیـەن
ئیمەیچ ناڵــەمان خۆ بێ کـــار نیـەن
کەس جە دەردی کەس خەبەر دار نیەن
منیــج دێوانـــەی خاڵی شـــیرینم
پابەندی تای زولف تای عەنبـــەرینم
بـەڵام ئێد شـــیرین ئەیامان نیـــەن
چوون خواجەی غەمخوار غوڵامان نیـەن
هەرگیز چەنـی کەس تاســەر نەساتەن
شەرتش ئیقـــرارش وەفاش یەکساتەن
ئەوســە کە شـیرین مەکیشو دەستم
ماوەرۆ بـــەســۆز زامانـــی خەستم
جە خەوفی لواش جەســـتەم نـە لەرزەن
هەی هاوار هەی داد هەی هانام بـەرزەن
یاران یە ســەنگەن چەنەش حاشـــاکەن
جەستەی مەینـــەتبار من تەماشا کەن
ســەنگێ بی تـەوره مـەســۆچۆ بەتـاو
دڵ قەترەی هوونـەن چۆن نەبـو بە ئاو

(سەیدی) جەهیجران شۆخي جەمین لاڵ

سا پەیچێش نەبۆ بە کۆگای زوخاڵ[1]

واتە :ـ لەم هۆنراوەیەدا سەیدە ئەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ دەس هاڕ وە پێی ئەڵێت بۆچی وا خۆت پەرێشان ئەکەیت ؟ باوەرت بە شیرین نەبێت زۆری پێناچی بەجێت ئەهێڵێ بەلای داخو دەردەوە • دەس هاڕ ئەلێ : وەنەبی من بەوە نەزانم ، بەڵام بەدەست خۆم نیە کاتێ کە شیرین دێتە لام یەك جار شێتو هار ئەبم ئەوەش ئەزانم کە بەجێم ئەهێڵێ • سەیدی ئەلێ تۆ کە بەردێکی بێ گیانی ئەم دەنگو ناڵەیەت لێدێ خۆ دلی من پارچە خوێنێکە چۆن بە ئاو نەبێ •

سەیدە دەربارەی بەهارو نەورۆز ئەڵێت :

نەورۆز گوڵ خێزان نەورۆز گوڵ خێزان
وادەی وەهارەن نەورۆز گوڵ خیـــزان
نەورۆزگوڵ جاســوس گوڵانیتــازەن
وەهـــاری کیانـــان نیـزانی وازەن
بافتـەن پەی زینــەت ڕەندان دولبــەر
چوون چقەی تاووس بپێکاش وەســـەر
خاســەی نـەورۆزان نـە پای هــەردەوە
یەك یەك بەرئامان نــە تۆی پــەردەوە
هەیمای زمســتان تەشـریف نـەبەردەن
نەورۆز گوڵ موژدەی وەهار ئــاوەردەن

(١) هار : دەس هاڕ • ئارو : ئیمرۆ • ئامان : هاتوە • • مەکەریش : ئەیکەیت • وێت : خۆت • گنای : کەوتی • ماوەرۆ : ئەهێنێت• پەیچێش : بۆچی • زوخال : خەڵوز •

نزانـی مـدۆ زمسـتان ویـەرد
تەختی یەخ‌بەندش هەوا دا بـە گەرد
باد وادەی وەشـت جـە کۆسـار مەیۆ
نزانـی مـدۆ نـەو وەهـار مـەیۆ
وەختـەن شـای وەهـار بنیشـۆنـە دەور
جاڕ کێشـۆ ڕەعـد تەمـو تلو هـەور
وەختەن بگێرۆ ڕووی دەشـتو سـارا
کەوکەبەی وەهـاز وێنـەی شـا دارا
وەختـەن بەیۆ بـەر ئۆردوی گولاڵان
گێران دەرو دەشت چوون هـەردە سـاڵان
وەختەن شـای وەهـار بکیانۆخـەڵات
سەوزەی ئەتڵەس ڕەنگ پەی ڕووی سەربسات
وەختەن شـەقایق سـەربارۆ وەبـەر
هۆردۆئالای سـوور جە باڵای کـەمەر
وەختەن بولبولان جە شـیرین خاودا
بێدار بـان جە ملك خاسـەی وەهاردا
وەختەن ساوێش بۆ خاترشـان جە داخ
لەت‌بینان بـە عەزم گوڵ گەشتی لەیلاخ
فەصلی نـەو وەهار وەختی گوڵ گەشتەن
سەرزەمین بە ڕەنگ سـارای بەهەشتەن
سۆسەن سـاق سەوز جـە لای نساران
چوون تەواف داران قـەیتـول وئاران

(سەیدی) چوون مەلـووڵ هیجرانی یارەن
فیشتەر غەمناکیش فەسڵی وەهـارەن[1]

واتە :ــ وا خەریکە زستان ئەڕوات نەورۆزو بەهار دەست پێ ئەکات گوڵان ئاڵای سور هەڵ ئەکەن • دەشت ڕەنگی سەوزی پۆشیوە وادەی خۆشیو سەیرانە ، سەرزەمین وەك بەهەشتیکی ڕەنگینە بەڵام من لەدووری یار زیاتر غەم گینو پەرێشانم •

وە لەگەڵ شەماڵدا ئەڵێت :ــ

شــــەماڵ مەگیــــرو وەنـــەت نزایێ
ئـــەر بـــە نزای مـن بـبـــۆت ڕەزایێ
تاقـــەت جێـــم بڕیـــان نەمەنەن تابـــم
هوون مـــەشۆ نـــە جەرگ کزەی کەبابم
یەك شەو بای شەماڵ وەر جە سوب سەحەر
بە دەوان وەلای قیبڵەم گـوزەر کــــەر
بەڵێ لوانت بـــەی تـــەور بــــە دەو بــۆ
شـــۆ وەلای شیرین هـــەی‌ما نـــە خەو بۆ
پەردەی ناز جە ڕووش بدەر بـــەلاوە
بۆســـەدەر بە قورس قـــەمـــەر ســیماوە
چین چین دەستەی زوڵف خەم وەردەی جەمین
پەرچین نە دەوران گوڵ باغچەی جـــەمین

(1) واد : کاتی • نزانی : مژدە • چقە : کڵاو • بەرئامان: دەرهاتوە • هەیما : هێشتا • مدۆ : ئەدات ؛ کیانان : ناردویەتی • شەقایق: گوڵێکی سورە • قەیتول : غونچە •

مازه پەشێویان بەرووش وەهەمدا
نەك پێوار بو مانگ نە دلێ تەمدا
چوون نووری ئاسمان نە ڕووش مەدرەوشۆ
با زوڵماتی کفر ئیمان نەپۆشۆ
وەختێ بای شەماڵ پەڕەندەی تێژڕەو
شیرین دیدە مەست هۆرمێزۆ جە خەو
جەو دەم بە ئیکرام وەنەش سەلام کەر
عەرزوحاڵی من وەنەش دیار کەر
شەماڵ وێت کەرە بە زوانو من
واچە بە شیرین سۆی چەمانو من
من قاسید جەلای دەردە دارێوم
کیاستەي دەردی بێقەرارێوم
پەی تۆ سەیلی هوون مەشۆ جە چاوش
پەی تۆ جە چاوان دوورکەوتەن خاوش
پەی‌تۆ بێ‌ئارام سەر سامو لێوەن
تەن زامي خەدەنگ مژەی تۆش پێوەن
پەرسە شیرینی مەیل ئێمەش لاوەن
یا جە شەرتی وێش چوون زوڵفش خاوەن
پەی (سەیدی) مەرگەن بە بێ‌یار ژیان
مازه بای شەماڵ بسپارۆ گیان(١)

---

(١) تابم : تەوانام . بۆسه : ماچ . خەم : پێچ . مژه : برژانگ . مازه : مەهێڵه . سۆ : ڕووناکی . بەدەوان : بەگورجی . نەپۆشۆ : دای‌نەپۆشی . پەرسه : لێ‌ی‌بپرسه .

واته :ـ داوا له شه‌ماڵ ئه‌کات له ده‌مه‌به‌یاندا بچێت زوڵفه‌ خاوه‌کانی شیرین له‌سه‌ر ده‌موچاوی لادات وه پێی راگه‌ینێ که من نێرراوی ده‌رده‌دارێکم خوێناو به‌چاویا لافاو ئه‌کات وه خه‌وی لێ زراوه‌و ئارامی نیه، وه شه‌ماڵ له شیرین بپرسێت ئایا مه‌یلی جارانی ماوه یا وه‌ك پرچه جوانه‌کانی خاو بوه‌ته‌وه، شه‌ماڵ ئه‌گه‌ر ئه‌م ڕاسپێریه‌م بۆ بکه‌یت ئیتر نامرم •

«وه له ستایشێکی ئاینیدا ئه‌ڵێت» :

شه‌رابو عیشقو تۆسافو زولالا
به‌له‌زه‌ت وه‌ش بنۆشوش تونـدو تاڵا
مه‌بۆ مه‌ستی ئه‌زه‌ل هه‌رکه‌س مه‌نۆشۆش
که ساقیش پادشاهي ذوالجلالا
که‌سێوه‌ن ئاکه‌سه لێوه‌ن به‌زاهیر
به‌(باطن) عاقڵو ساحێب که‌ماڵا
نه فکرش هه‌ن جه‌لای موڵکو نه ماڵی
نه خو باکش جه فرزه‌ندو عه‌یاڵا

تا ئه‌لێ :ـ

دریغ چی گه‌شتی دنیا ئێمه هه‌رگیز
شکارتێ په‌ی قیامه‌تما نه‌کاڵا
دیاره‌ن وه‌ر بده‌یمی ده‌س جه دنیا
نه‌بیمی شاذ په‌نه‌ش شادیش به‌تاڵا
ئه‌گه‌ر سه‌د ساڵ چه‌نه‌ش مانی به دڵشاد

چەنەش تاسەر مەنەی پەی ما مەحالاٚ

هەزار جام ئەر جە شەربەت ئێمە نۆشمێ

جە ئاخر ژارو مەرگیما قەتالاٚ

بەناگا باغەوان مەبرۆ بەتێغش

نیەن ڕەحمش چ یاوانو چ کالاٚ

وەنەش فەرزەن بشۆ پی کارەوانە

ئەگەر بوجەهلو بوذەر ، وەر بیلالا

زەڕیوما سەر حیسابەن خاك بەسەرمان

نە پۆشاکو نە واردەیما حەلاٚلاٚ(١)

تائەلێ :

درازو دور سەفەرمان ها نەوەردا

نە تۆشەی ڕاو نە پۆشاکو نە پالاٚ

واتە :ـ داخەکەم لەم دنیایەدا هەرگیز چاکەیەکمان نەکرد ، تۆشەیەکمان بۆ ئەم ڕێگە دوورو درێژەیە دەستنەخست ، چوونکە مرۆڤ کە ڕۆژی مردنی هات ئەمرێت ، گەنج بێ یا پیر پێ گەیشتوو بێ یا پێنەگەیشتو ، ئەبوجەهل بێ یا بیلال ، لە دنیادا هەر ئەبێ بڕواتو شەربەتی مەرگ بنۆشێ .

لە هۆنراوەیەکی تردا ئەڵێت :

---

(١) مەنەی : مانەوە . پەیما : بۆ ئێمە . مەبرو : ئەیبڕێت . نۆشمێ : بنۆشین . قەتالاٚ : کوشندەیە . یاوا : گەیشتو . کال: نەگەیشتو . زولال : شیرین .

هەی ڕەندی توحفـــەی نازەنین
خاڵت چوون عەنبەر گوڵ جەمین
سـا مەرهــــەمێ دە پەی بــرین
خۆ کافرســــتانی نیـۆ

بیمـاری تـۆم حور ئـەی پەری
ئـەر خوایشـەن ئەر سەرسەری
شەرتەن عەیادەتمـان کـــەري
خۆ کافرســــتانی نیـۆ

عوریانو کەڵـپۆس پێڵـــەنان
شــــەیدای بیابـان گێڵەنـــان
دا پەرســــە پەی کێ وێڵەنـــان
خۆ کافرســــتانی نیـۆ

وێڵ وێڵ مەگێڵووکـۆبەکـــۆ
دەردم گرانـەن ڕۆجـــەڕۆ
ســـا حاڵی دەردم پەرســــە تۆ
خۆ کافرســــتانی نیـۆ

تـەرکـو وولاتیت کـــەردمـان
ژاراوی دووریت وەردمــــــان
پەرســــە پەی حاڵی دەردمـــان
خۆ کافرســــتانی نیـۆ

ئـەر شـەرتو بەینت ویرتـــەن
خـــۆفی خـــوداوو پیرتـــەن

بۆ لام ئـەگەر چـی دیرتـــەن
خۆ کافرســتانی نیۆ[1]

واتە :ــ سەیدە لەم هۆنراوەیەدا ئەڵێ بیمارم بۆت ئەی یار هەر تۆ ئەتوانی برینی من سارێژ بکەیت بۆچ لێم ناپرســیتەوە ڕۆژبەڕۆژ دەردم گران‌ترە خۆ لەناو کافراناگیرم نەخواردوە • لە هۆنراوەیەکی کەدا ئەڵێت :ــ

شیرین خاڵت بام شــیرین خاڵت بــام
فیدای دانە مشــک شــیرین خاڵت بـام

ســەرگەردی لەبان وێنــەی لاڵت بـام
قوربانی بەیــان لیمـۆی کاڵت بـــام

شەیدای شــێوەی ڕەند پەری سامت بام
دێونـەی ڕوخســـار جەمین جامت بـام

زامزەدەی کەمــان ئـەبرۆی جفتت بـام
حەیرانی حیزام شــیرین ڕەختت بـــام

مەخموری دیدەی مەســتی سیات بـام
بێهۆش ئـــەندازی بـەنـاز دیـات بـام

شیرین یە چەنــدەن دڵ نە زەنجــیرەن
نە حەڵقەی تای زوڵف بەندەن ئەسـیرەن

ئەر جــە بەنــد دام مـەبۆ گوشادیش
بــەمدەر مژدە وەختــی ئـــازادیش

---

(١) ڕەند : جوان ، زیرەك • عوریان : ڕووت • کەڵپۆس : بەرگی کەل • مەگیلو : ئەگەرێم • ڕۆ جە ڕۆ : ڕۆژ لە ڕۆژ • نیۆ : نیــە • ویرتەن : لبیرتە •

وەر عەزمت کوشتەی دڵەی مەجنون خوون

ڕەزای دڵی من چـــەنی ڕەزای تـــۆن

[سەیدی] پەرێ عەشق چون قەیس شانی

مەردەیش وە شتەرەن جە زیندەگانی (١)

واتە : شیرین ماوەیەکە دڵم بە تای پەرچەمی تۆ بەند کراوە • کەی موژدەم ئەدەیتێ بەئازاد بوونی ، وە ئەگەر ئەتەوێ بمکوژی کەیفی خۆتە چوونکە مردنم باشترە لە ژیانم •

## بیســـارانی

## ١٦٥٠ - ١٧٠٦

ناوی مصطفی کوڕی مەلا ئەحمەد ، کوری مەلا مەحمودە • لە بێساران لەدایك‌بووە لە ناوچەی ژاوەرۆ • لە نۆدشە فەقیەتی کردوە، وە لە پایگەلان لای حاجی مەلا قاسمي بەناوبانگ خوێندویەتی لـــە عیلمی (أصول)دا پایە یەکی بەرزی هەبووە ، وە حەزی لە ئامینەی کچی شیخ محمدی پایگەلانی کردوە ، وە بوە بەهۆی هەڵقولینـــی هۆنراوە رەنگینەکانی • گۆڕی پیرۆزی لەبەینی دوورۆ وە ڕەزاودایە•

لە هۆنراوەیەکا ئەڵێ :

قیبلەم یـــە حەیفەن وێنـــەی تۆ شـــایێ

بگـــــیرو نـــە دڵ خەشـــمی گەدایـێ

ئـــەگەر گوناهـــێ وەنـــــەم کـــەری بـــار

یە ســـــەر یە شـــمشێر یە تەناف یـــە دار

وەگـــــەرنـــە حەیفـــەن بە واتەی بەدگۆ

نـــە پـــەردە مانـــــۆ ڕازی منـــو تـــۆ

---

(١) لەب : لێو • لال : لەعل • دێونە : سەرگەردان • دیا : سەیر کردن • جفت : جووت • پەنەم‌دەر : بمدەرێ •

بەمانا ئەگەر تاوانم هەیە سەرم ئامادەیـە بۆ شیرو قەنارەی تۆ ، جوان نیە بۆ شایەکی وەك تۆ بەواتەی بەدگۆ لەگەڵ گەدایەکی وەك من بەردەوام بێ لەسەر کینەو ڕقەبەری •

وە ئەلێ لە هۆنراوەیەکی کەدا :ــ

جـەو بەیانــــەوە جـەو بەیانــەوە
حــاڵێ پیــم یاوان جــەو بــەیانـەوە
خاڵێ دیــم جە بەیــن دوو بــەیانەوە
وە بانــی بــەین‌دا مەشــــنیانەوە
حــەکاکانی ڕەو گشــت بــەیانـەوە
کێ دیـەن مـەغریب جـە بەیانــەوە
هەتـا موســتەفـا ســەرمەنیانـــەوە
هەروا بە حەسرەت ئــەو بەیانــەوە[1]

واتە بەهێنیی وەك مەمکی یار بێ ، خاڵێك لەبەینیانا لەسەر سنگی کارێکی کردوە سپیەتی سنگی وەك ئێوارە وەختە تاریکی کردوە هەتا مستەفا سەرئەنێتەوە هەر سەرگەردانی ئەو بەهێنیانەیە • وە لــــە هۆنراوەیەکی کەدا ئەڵێت :ــ

پیری جێم ســەندی پیری جێم سەندی
تابــو تــەوانا تــاقەت جێم ســەندی
جوانیم لــوا تــۆ وەجــاش مــەنـدی
بــەردی بنچینــەی بیســاتم کــەندی
تێش تابــی ڕەفتـار تیرئاسای دووی دەو
چالاکی ڕەوان بی ئــە ندیشی شــەو

(١) بەیان : بەهێ مەبەست مەمکە • بەیان : دەمەو بەیان • بەیانەوە : بگەڕێنەوە •

هەڵمەتی ڕەفتار پڕتاوم کەردی
کەم ڕەفتو بێ‌زۆد بێ‌زاتم کەردی
باڵای ئەلف‌وار دەوەندەی دەوان
چەفتت کەردەوە چون چەفتی کەمان
بینایی دیدەی پڕنوری دووربین
وە تەم مەوینۆ فەرش جە روی زەمین
گۆنای گوڵ‌ئەنار گۆڵ سیمای گۆڵ ڕەنگ
بێ‌ڕەونەقت کەرد وێنەی سیای سەنگ
قەتارەی دوندان سافی سەدەف وار
کەلکۆرت کەردەن چون کۆنە دیوار
سکەی وەش ڕەوەنەق سیای سەوادکار
سفید کەرد تاتا چون بەرفی کۆسار
دڵ بیەن بەکۆل یەخ‌بەندی نسار
نە خەیاڵی عشق نە نیم‌نگای یار
ئەو نازدارانە پەسەند دیدەی وێم
مەوینا سکەم تەعنە مەدان لێم
مەواچان ئەر سەد دانە شناسەن
پیرەن بێ‌کەڵکەن پەی مەردەی خاسەن
کارێ پێم کەردی هیچ‌کەس نەکەردەن
ئاخر یاونای حاڵم وە مەردەن
تاکەی دڵ جە جەور جەفات خەلاس بۆ
ساکنی خاك بۆ کۆتایی باس بۆ

مای سـەنگی لەحەد سەنگ‌سەرای گلکۆ

خاستەرەن جە زەوق هامنشـینی تـۆ(۱)

واتە :ـ باسی پیربونی خۆی ئەکات وە ئەلێ جوانیم ڕۆیشت ، پیری هاتە شوێنەکەی • ئەی پیری لاوازت کردم ، بالآی ڕاستم وەك کەمان چەمیوەتەوە ، بینایم لێڵ‌بووە ، دیمەنی ڕەنگین وەك تەم بەدی ئەکەم ، گۆنای سوری سەرکوڵمم وەك بەرد ڕەش‌بوەتەوە ، ددانـە سەدەفە جوانەکانم هەموو کەلوکوێر بوون ، مووی ڕەشم وەك بەفری کوێستان خاڵ خالو خوار بوە • دڵم وەك سەهۆلی لانەسار بەستویەتی ئەوەندە سارد بوەتەوە • بیرم لای نازداران نەماوە بەتایبەتی : ئەوانەی حەزم لێ کردوون ، ئێستە تانەم لێ‌ئەدەن وە ئەڵێن بابڕوات • وە لـە هۆنراوەیەکی‌کەدا ئەلێ :

شیرین زوڵف لول شیرین زوڵـف لـول

فیدای زوڵفت بـام گا گرژەن گا لـــول

گاهێ پەشـــێوەن گـــاهێ گرنجـــەن

گا‌گا گـــرەبـەند ملـــەمای زنجـــەن

گا تاتـــان جـــەدەس گەردشـــی شەماڵ

گا خەفتـــەن ساکن نە دەوران خـــاڵ

قیلـــەم چێش مـــەبۆ تایێ جـــەو زوڵفە

جـــەو زوڵف وەش‌بـۆ لـــول سەرکلفە

---

(۱) جێم سەندی: لێت‌سەندم • تاب : تەوانا • دەی : تیژ • چەفت : خوار • مەوینو : ئەبینم • سفید: سپی • یەخ : سەهۆل • یاوناى: گەیاندت •

وزیـــم نه گـــەردەن عومری ویـــەردەم

تەجدید بۆ دەفعی هووناوان کـەزدەم (١)

واتە :ـ پەرچەمت وەك زنجیر پەیوەندیان کردوم چی ئەبـــێ ئەگەر جارێك بیان ئاڵێنێ بەگەردنما تا فرمێسکی خوێناویم ووشـــك بنەوە •

وە ئەڵێ :ـ

چڵێ نـــە پەنـــا چڵێ نـــە پـــــەنا

چڵێ چوون ڕەقیـــب مـــدران نە پەنـــا

هۆرئامـــان مـدران نـە ڕوی تەمەنـــا

مـــەر بادی قـــۆرەت بـدەرۆش فەنـــا

وەبـادی قورەت لەتـــار بـــو

نمـــازۆ بـــاڵای قیبڵـــەم دیـــار بـــۆ

بســـۆزۆ بە ئـاه بازەدەی ســــــەحەر

ڕیشــــەش جـە زەمین باوەرۆ وەبـــەر

تا باڵای قیبڵەم چوون شـــەمعي خانـــان

بوینـــو وەچـــەم نە بـەرزەبانـــان (٢)

واتە : لقێك وەستاوە بوە بە کۆسپە ناهێڵێ باڵای یارم لێمەوە دیار بێ مەر بای قودرەت بیسوتێنێو لەبنا ڕیشە کێشی بکات ، تا باڵای یارم وەك مۆمی دیوەخانەکان شەوق بداتەوە • لە هۆنراوەیەکی کـــەدا ئەڵێت :

---

(١) وزیم : بمخەیتە • سیا : ڕەش • چێشمەبۆ : چی ئەبێت •

(٢) مدران : وەستاوە • نمازۆ : ناهێڵێ • بوینو : ببینم •

چراغ قوربانەن ٠٠ چراغ قوربانـــەن
چراغ ها فەصلی جەژنی قوربانـــەن
زەمزەمەی تـــەوحیــد ڕای‌حاجیانــەن
قوربــانی قوربان ئـەمری یـەزدانـــەن
ئـەر ئۆ نـــەداراو مسـکینو دەروێش
گشت کەس مەکەرۆ قـوربانی پەی‌وێش
تۆش سـا مـن بـەرە پەی قوربانی گـــا
ســـەرەی مـن بڕە وەك ( خلیـل اللّه )
تیغـــێ بێ‌دریغ بنیـــەم نـەگـــەردەن
جاڕدە وە شــــاردا قوربانیـــم کەردەن
منیش بـەوقوربـــان زۆر منــــەت بارم
قوربانی قوربـــان بـالآی دڵـــدارم[1]

واتە :ـ بـە یـار ئـەڵێت کاتی قۆچ کردنە زۆرم پێ‌خۆشە کە بمکەیت بە قۆچ، وە جاڕ بدە بە هەموو لایکدا وە بڵی قوربانیم کردوە٠
دیسان ئەڵێت :

قیبڵەم وە شەو بۆ قیبلەم وە شـــەو بـــو
مەیل کەرد جـەستەم شـەوێ وە شەوبۆ
ئـەر نەدامەتم شـــەوبۆت وە شـــەو بۆ
تـا دڵـم ســـاکن وە بـۆی شەوبۆت بـۆ

---

(١) چراغ : یار ٠ نەدارا : گەدا ٠ مەکەرۆ : ئەی‌کات ٠ بنیـــەم : بمخە ٠ بەرە : ببە ٠

نه ماچان شەوبۆ وە سەرنساران
شەوبۆش ببەخشۆ پەی دەردە داران
قیبلەم تۆ وە ڕەنگ شەوبۆت بنمانە
جارێو بەشەماڵ شەوبۆت بکیانە
ئەر بە شەماڵ بۆ دووری وولاتم
شەوبۆت بکیانە سەد خەجالاتم[١]

واتە پەرچەمی یار کەوەك شەوبۆ بۆن خۆشە داوای لێ ئەکات کەنزیك بکەوێتەوە وبۆنیان بکات تەنانەت ڕازی یە بەشەماڵدا بۆنە خۆشە کەیان بۆی بنێرێ . دیسان ئەڵێ :

کەم خزمەتیم چێش کەم خزمەتیم چێشش
ئاخ من بزانام کەم خزمەتیم چێش
جە چێش خاترت جە من کەردەن ڕێش
ئەگەر دیدەم بۆ کۆر کەرو پەرێش

واتە : لەچی کەموکورپیم هەیە بۆچی دڵت لەمن ساردکردوەتەوە ؟ ئەگەر چاویشم بێ داوام لێ بکەیت بۆت کوێر ئەکەم .

وەئەڵێ :

شەوەن خەڵوەتەن ماڵ بێ ئەغیارەن
ئاڵەم گردوتەن دۆس خەبەردارەن

---

(١) شەوبۆ : گوڵێکی بەنەوشەیی یە بەشەوا بۆنی زیاترە . بکیانە : بنێرە . بنمانە : بنوێنە . جارێو : یەك جار .

وەدیسان ئەڵێ :

گیانە لە پڕخەی خەوی خاومدا
پێ بنێ وەبان هەردوو چاومدا
مەڵێ برژانگت تیژە وەك چەقڵ
ئەچەقێتە پێت نازكتر لە گوڵ
بەبرژانگی تیژ بۆیە خۆشحاڵم
خاكی بەردەرگای تۆی پێ ئەماڵم
هەرچەند تیژیش بێ بۆپێی تو نەرمە
بۆ تێ هەڵچونی بەرپێت دڵ گەرمە
سا فەرمو پێ یەك بنێ سەر دیدەم
ئەو دیدەی بێ تو كەس پێ نەدیدەم
ئەگەر نەقشێكی غەیری تۆی تیابێ
خوایە كوێری كەی بام نابینابێ
كەپێت هەڵبڕی سەیر كەچەند جوانە
بەخوێنی چاوم خەنە بەندانە(۱)

## حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی

## ١٨١٥ ـ ١٨٨٣م

ناوی ئەحمەد كوڕی عبدالرحمن وە لە دێی نۆدشە لەدایك

(۱) ئەم پارچەیە وەرگێڕراوی ئەسڵە هەورامیيەكەیەتی .

بووە ، باوکی لە سەر دەمی بابانەکاندا ، لە سلیمانی مفتي بـــووە وە گۆری پیرۆزی ، لە گردی سەیوانە •

مەلا ئەحمەد کە بە حاجی مامۆستا بەناوبگە لە دەریای زانستیدا مەلەوانێکی بێ هاوتا بووە زۆر لە مامۆستاکانی پێشوو ئیجـــازەی خوێندنیان لەلا وەرگرتووە ، وە خۆی لەلای مەلای ( خەتێ ) ئیجازەی وەرگرتووە ، دانراوی زۆرە لەوانە لە عیلمی (نحو)دا دا دانراوێکي هەیە کە قوتابیان ئەیخوینن بەناوی (ظرفی حاجی مامۆستا ) وەلەشاری سنە کۆچی دوایي کردوە لە تەپی شیخ حەمە باقر نێژراوە ، بارەگاو گومەزی هەیە کە مەزارگەی خەڵکی ئەوناوەیە تائێستەش .قـورئانـی بەسەرەوە ئەخوێنرێ بە پارەی وقفی تایبەتی خۆی • لـە هۆنراوەدا دەستیکی باڵای هەبووە ، لە هۆنراوەیەکدا ئەفەرمێت :ـ

کورەی دڵ چمان جۆشـــــش وەردەوە
کەم کەم بێهۆشـــی هۆش بـــەردەوە

ئەسرین هەم تاف بەست وەڕووی ڕوومەدا
طفل ئاســا مەدۆ وێش وە بوومـــەدا

بەختم ســیاپۆش یێخــە پارەشـــەن
شـــەرارەی ناڵەم شـــوم ســتارەشـەن

لەرزەی دڵ جە شـەوق پێکانــی پەیکان
دڵ خاس بە پەیکان نە پەیکـــان پەیکـان

زاهیر هەم فەڵـەك کـەڵەك بەســتە بـۆ
دیســـــان دڵ بە تیر دووری خەســـتە بۆ

دووری ئەو دڵبەر چە گیان سوروشتە
دیدە بە سورمە بەختی من ڕەشتە
قامەت سەروی ناز چەمەی نوور ئاودا
نگاش دیدەی عەشق نیدای وە خاودا
گیسوو دڵی شێت لێش کەردەن تأثیر
جەو پەی پەی پای‌یار بیەن بە زەنجیر
یاخۆ مەذاقش یەکێ وجودەن
ڕەمزش ئەو مەقام فەناو شهودەن
جەمین مەدرەوشۆ بەینی حەیتاران
چوون وێنەش نە تۆی دڵەی غەم‌باران
توڕەش وێنەی ڕەنگ خەیاتەی خامەن
یا ڕیشەی ئەروای بەختی سیامەن
خەم‌دان بە قامەت نەکەمین گای‌دڵ
ئەبرۆش چوون سەیاد نە سارای جنگڵ
دیدەش پەڕ ـ پەڕ مەی سەحیح بیمارەن
ئەویچ مەر زەدەی نیم‌نگای یارەن
بینی خەتی نوور خۆرشید لەت‌کەردە
گۆنا وێنەی بەدر ڕەنج ئەنگوشت بەردە
لەب شەفاف تینەت هەوەس نۆشای هوون
مەنمانو نە چەم ڕەنگش لالە گوون
دەهەن نوختەی خەت شۆڵەی لۆلۆی تەڕ
ددان خۆ بەردەن ڕەونەقی گەوهەر

زنج جه سەردی دڵ ، دڵسەردی دڵبەر
ئاوی حەیاتەن ڕچیان مودەوەر

گەردەن شەمعی نووز سافی بی گەردەن
تاریك یانەی دڵ پێش ڕەوشەن کەردەن

بازو سیمی خام پەنجە ڕشتەی هوون
ناخون ناخنەی دیدەی دەهری دوون

لێموش نەخشی زنج کەردەن تەخەلخل
نە تۆی سینەی ساف وێنەی پەڕەی گوڵ

جە ئامۆشۆی زنج وە ڕاسو چەپدا
دوو نەخشێش تێدا بیەن هوەیدا

میان چەنی موو دووکوت کەردەن موو
موو موو ڕاست مدران چ خاس چەنی موو

نافش خۆ بۆ بێز نافەی غەزالەن
جە ناف تازاو دەرکش مەحالەن(۱)

واتە :ـ کوورەی ئاگری دەرونم بەجۆری کڵپەی لێ هەڵساوە هۆشی لێ بڕیوم ، تاڤگەی فرمێسکم کە دێتە خوارەوە ، کارێکی بەدڵم کردوە وەك منال لەناو خۆڵا ئەتلیتەوە .
بەختی ڕەشم یێخەی خۆی دڕیوە ، ئەستێرەم تاریکە ، دڵــم

(۱) چمان : بەجۆری . پارە : لەت کردن . بووم : زەوی . کەلەك : چەوتی . سورمە : کلە . خاو : خەو . جەوپەی : لەوکاتەوە . پا : قاچ . لۆلۆی تەڕ : لۆلۆی تازە . دەهەن : دەم . شۆلە : ڕوناکی . پەیکان : تیر . پیکان : پێکاویەتی . جە پەیکان : لەکانگەدا .

هاتوەتە لەرزین لە ترسی تیری یارەوە ، چەرخ لەگەڵ من بەچەوتی ئەسوڕێتەوە ، خەوم زڕاوە پەرچەمەکانی زنجیریان کردووم ، پشتم کۆماوەتەوە ، برۆکانی وەك کەمانی ڕاوچی کاریان تێ کــردوم ، دەموچاوی پیاو سەرخۆش ئەکات ، لووتی ڕوومەتە جوانەکـــەی کردوە بە دوولەتەوە ، لێوە ئاڵە جوانەکانی هەوەسی نۆشینی خوێنم ئەکەن ، خۆشیان وەك گوڵی سور ڕەنگینن ، دەمی وەك بە پێنووس کێشرابی وەك لۆلۆی تازە تەڕو پاراوە، خۆ دانەکانی نرخی گەوهەریان نەهێشتوە ، زنجە خڕە جوانەکەی ئاوی حەیاتە بەهۆی ساردی دڵیەوە بەستوویەتی ، گەردنە بێ گەردەکەی ماڵی تاریکی پێ روون ئەبێتەوە، بازووی وەك زیو سپیو جوانە ، پەنجەکانی بەخوێن ســور کردوە ، نینۆکی گیرکردووە لە دەموچاوی زەمانەی دوونی بێ نرخ • کــە سەیری سنگی وەك بلوری ئەکەیت ئاوێنەیەکە، خاڵەکانی زنجی بەسەر مەمکیەوە خاڵ‌خاڵ دیارن بەتایبەتی دووخاڵەکەي = گۆی مــەمکی دوو خاڵەکەی زنجی ئەون • کە وەك ئاوێنـــە تیایانا دیارن ، باڵای ئەوەندە باریکو ڕاستە موو ئەکا بە دوو لەتەوە کاتی وا هەیە مــوو خوار ئەبێت بەڵام باڵای ئەو هەر ڕاستو شۆخو شەنگە • دیســـان ئەڵێت :ـ

وادەی نــەو ســـیوەیل داران ڕشــتەن
فەســڵی نەوپایز وارانـــی وەشــــتەن
دووره ســـۆ ئامای کۆنـــە داخانــەن
فەســڵی تەم گیری کۆهـــو زاخانـەن
هوونەی سەیلی هوون جە سەرچەمەی چەم
کڵپەی شـــوورەی نار ناڵەی کوورەی دەم

پەرکەردەن شـــەتاو ناوانی گـەردون

سـۆچنای شەخەڵ ژیای دنیـای دوون

تەمی غەم نەســـەر ســـەرکڵاوەی دڵ

چەترەن پەری عەکس جەمین پەڕەی گوڵ

سەفحەی گۆنای زەرد ڕەنگ جە خەزان بەر

باڵای خـــەم کـــاڵان نە ڕەزان بەتـــەر

سەردی هەناسەی ئێلاخـــــەکەی دڵ

ووتەی ســیاکار بەختـــم جە ســەرچڵ

قازی ســەرشــێویای ناڵەی بێ ئەســـەر

ئەســـەر وە بەدعەکس ئاواو دڵبــــەر

لازم کەردەن لێم فەســـڵەکەی پاییــز

دوور ووســـتەن وەهار وەسڵەکەی ئازیز

قیبڵەم هـــەرکەسێ چوون من ماتــەمەن

وەهـارش پاییز ، پاییزش غـــەمـەن[1]

واتە :ــ باسی ماتەمیو پیری خۆی ئەکا کەوا خــەریکە پاییزی عومری هاتووەتە پێشەوە ، وە ئەڵی : ئەستێرەی گەنجیم بەرەو ئـاوا بوون ئەڕوات • وەك پاییز دڵی مرۆڤ تاڕادەیەك غەمبار ئەبێت باران نمەنم دێتە خوارەوە ، درەخت گەڵا خەزان ئەکات ئەویش خــۆی لەووینەیەدا ، سەری بەرەو سپی بوون ئەچێو چاوەکانی ئاو ئەکەن•وە ئەڵی غەم تەوقەسەری دڵمی گرتوە ، هـــەناسەم ســـاردە ، باڵام

---

(١) وادە : کاتی • واران : باران • سۆ : ئێش • سەیلی هوون : لافاوی خوێن • چەمە : سەرچاوە • چەم : چاو • سۆچنـــان : سووتاندویەتی • ووتەی : نووستن • وستەن : خستویەتی •

چەمیوەتەوەو بەختی ڕەشم نیشتوە وەك قاز چوون لەبۆرانا سـەری لێ‌ئەشێویت تازە وەرزی بەهارم ڕۆیشت پاییزی پیری دای گرتم .

دیسان ئەلێ :ــ

چەندە پێم‌وانی هـای دڵـەی غافـڵ
حـەقی حەقیقـی (اضافی) (باطـڵ)
پەردەی ئەو جەماڵ (مطلق جـە اطـلاق)
ئاوێنـــەی عکـوس مـرآتی ئـافـاق
بـۆ بـە بای مراد نەشئەی سافی مـەی
بـە یـاری مەلاح سـۆزی لافی نەی
کەشـتی غەرقەکەت نە گێجاوی دەی
یاونە ئـەو سـاحل ئی بەحری بێ‌پەی
شاخەی تافی سـاف سەرچەمەی هەسـتیت
هـەوا کەللـەی تەبع هـەوا پەرستیت
با کەرۆش کۆتـا کلپەی کـورەی دڵ
شەرارەی سەبون چۆلەکـەی مەنـزڵ
تـۆ بەتـەر دامان عسیانت تـەڕ بی
وێنـەی بـەد بەختـان ئاخرت شەڕ بی
هیچ نەبیت وە تـەنگ ڕۆژی ڕۆی فەردا
ئەمجـا تا تاوی بـدە وە سـەردا(١)

واتە :ــ حاجی مامۆستا گلەیی لە دڵی خۆی ئەکات وە ئـەڵی زۆرجار ئاموژگاریم کردی ڕێگای ڕاست جیا بکەرەوە لـە ڕێگـای

---

(١) حەق : ڕاستی . یاونە : بگەیێنە . باطل : پوچ . ساحل : کەنار مەلاح : کەشتیەوان . بەتەر : زیاتر .

چەوت وەرە بە نیازی ڕاستی‌یەوە ، کەشتی تاوانت کە خەریکە نوقوم ئەبێ ، لەم گێژاوە ڕزگاری کەو بیگەێنەرە ئەوبەر واز لە خۆپەرستی بهێنە ، تۆ وادیارە ئاخر شەڕی مەگەر لەڕۆژی دواییدا هەر بەسەرتا بدەیت •

## مەلا خدری ڕواری(۱)

## ۱۷۲۵ – ۱۷۹۰م

مەلایەکی زانا ، ئەستێرەیەکی گەش بووە بەسەر ئاسمانی ناوچەی هەورامانەوە ، خواپەرستێکی راست بووە وە زۆر کەس بەهرەمەند بوون لە زانایی‌و پەندەکانی • مەلا خدر لە نەتەوەی شیخ نعمةاللەی وەلی بوە وە • پەڕاوی پڕسودی زۆری داناوە لەوانە (ڕۆلە بزانی) و (دەولەتنامە) • لە یەکێك لە هۆنراوەکانی دەولەت نامەدا ئەلێت •

بێ یانەی خاسا نەك یانەی پر دەنگ
بێ‌پالای خاسا نـەك پێلاوی تەنگ
وە لە لایەکی‌تردا ئەلێت :ـ
عیلم چوون درەخت عەمەل سـەمەرەن
عیلمي بێ‌عەمـــەل باغـی بێ‌بـەرەن
وە ئەلێ :ـ
عیلم جە ڕوار عـەقل جە پـاوە
نووتێ ئەسپەرێز هەرێ جەناوە
لێرەدا چۆنیەتی ئەو ناوچەیە ئاشـــکرا ئەکات وە ئەلێ ڕوار سەرچاوەی خوێندەواریە ، پاوەیی بە بیرو هۆشـــــن ، خەلکی دێی

(۱) ڕوار : دێیەکە ۳۵ خولەك لە دێی هەجیجەوە دوورە •

(ئەسپەرێز) دڕندەو چەتوونن • خەڵکی دێی (ناو) ساوێلکەو نەزانن •
وە ئەڵێ :
(گەردەڵە) مەچڕوئو (گەردە میان)
(چەپی دۆڵ) وەشا (هۆبە)و زۆمیان[1]
بەمهۆنراوەیە مشتومڕی خەڵکی ئەسپەرێزو زۆم چارەسەر ئەکرێ چوونکە لەسەر هەوارگەی (چەپیدۆل) ئەکەونە لای دادوەر (قاضی) هیچ کامیان بەڵگەیان نابێت کە ئەو هەوارگەیە لەکۆنا هی کام دێ بووە پیرێژنێکی بەساڵاچو دێت ئەڵێ من ئەم هۆنراوەیەی مەلا خدرم لەبەرە کە وائەگەیەنێت چەپی دۆل لەکۆنەوە هی دێی زۆم بووە • وە دیسان ئەڵێ :ـ

زەمانەی ئەندەن • زەمانەی ئەندەن
قاپی شەرگوشاد دەری خەیر بەندەن
ئی دوو ڕۆژی عومر باقیات مەندەن
ئەویچ فانیەن ئاخۆ تا چەندەن
تەوری دەستی دەور جە ڕیشەش کەندەن
های بێدارۆ بن ئاندەش نەمەندەن
ئەگەر کەیخەسرەوجەمشید جام بی
چوون قەیسەری ڕۆم خاوەن سپا بی
ئەگەر پادشای عالی جەنابی
ئەگەر کەیکاوس ئەفراسیابی
ئەگەر سلیمان ئەر سکەندەری
ئەر خاقانی چین ئەگەر سنجری

(۱) ئەوانەی لەناو کەوانەدان هەوارگەن •

ئەرچوون حەکیمان خاوەن دەوانــــی
ئــــەگەر پادشـــای فــــەرمان ڕەوانی
ئەر چوون شای مەردان فەتحت بەدەسەن
ئــەر پشتیوانت ســــەد هەزار کەســەن
ئەر یوســـفەنی بــە حوســــنو جــەماڵ
ئەگەر قارونی خــاوەن گەنجـــو مــــاڵ
ئەگەر ڕۆستەمی ســــەهمت ســــەهمناك
ئەسـڵت جە خاکەن هەم مەبی بە خـــاك
ئادەم تا خاتـــەم جەی دنیـــای پڕ دەرد
فامێوە کـــەردی کێ بـێ کێ نــــەمەرد
فامێــــوە کەردی بــە فکــری باریك
ئی دنیای ڕۆشـــن لێتـــان بۆ تاریـك[١]

واتە :ــ دنیا پڕو پوچە ئەگەر مرۆڤ شابێ یا گەدا ، دەوڵەمەند بێ یا هەژار ، ناشیرین بێت یا جوان ، لەئەنجاما ئەمرێت وە ئەچێتـــە ژێر گل ۰ وە ئەڵێ ناڕەوایی پەرەی سەندوەو ڕاستی لەژێرەوەیــە ۰ وە حاجی قادری کۆیی ئەڵێ دەربارەی مەلا خدر «وەك مەلا خدری ڕودباری نیە + شیعری ئاوی حەیاتە تاڵی نیە » وە مەلا خدر ئەڵێ (ناقڵەو تەشابی مدیورە بێڵو + ئاخو ســـاڵیوتەر چەرخ چەنی گێڵو ) (ناقلەو تەشابی) دوو کەورگی خۆشن (بێڵو) سەرچاوەیەکە کە ئـــەو

(١) ئەند : مەبەستی فەرمودەی پیغەمبەرە کە ئەڵێن فەرموویەتی (هەزارو ئەند دنیا دوایی دێت ) ۰ کەندەن : دەری‌هێنـــاوە ۰ سنجر : پاشایەك بووە ۰ فام : هۆش ۰

دوو گەورگە بەسەریا ئەروائن وە ئەڵێ ئاخۆ ســـاڵێکی تر دنیا چۆن ئەبێت ٠

## میرزا شەفیع

- ١٨٣٥ - ١٧٨٥ -

میرزا شـــەفیع هەڵبەســـتەوانێکی بـــەناو بانگە هۆنـــراوەی بەشێوەی هەورامی زۆر بوە ٠ بۆنمونە چەند هۆنراوەیەکی ئەنووسین ٠ لە هۆنراوەیەکیاندا ئەڵێت :

نگای جامم کـــەرد نگـــای جامم کەرد
یەكڕۆ جـــە تەقدیر نگای جامم کـــەرد
ســـیاوو چەرمـــەم شـــناســـامەوە
شـــیم وە تاســـی مەرگ هـــــەم ئامامەوە
نـــە دڵ هۆرکێشام هەناســـانی ســـەرد
موو چوون ماران گـــاز نـــە کەللەم باد بەرد
پەرســـام ئەری هەی تار بێوادەی ڕەشتە
هەوای سەردو گەرم ڕۆزگار نەچـــەشتە
پەیچێش تۆ جە خەوف حەق نمەتەرسی
هەیما خۆ ساڵت نـــەیاوان بـــەســـی
تار وات ئەحواڵی ســـفیدی ڕەنگـــم
مـــەر مـــن جە تۆ نیم جە ســـیاسەنگم
ئەوســـا تۆ کەماڵ شـــایی و زەوقت بی
ڕۆ جە ڕۆ ئامای بێشـــتەر شـــەوقت بی

قولەی قەڵای دڵ نەگرتەبێش تەم
ڕۆشن بێ چون جام جهان‌نمای جەم
سەروەش مەگێڵای بەکاوانەوە
هیچ نمەپەرسای جە شاو خانەوە
فەلەك پەی خەمان من پەسەند کەردەن
سەرتاپای تەنم وە خەم پەروەردەن
غەم شیەن نە تۆی مەنزڵگەی شادیم
هەر غەمەن مەیۆ موبارەك‌بادیەم
دڵ‌بی وە بۆتەی مەنزڵ‌خانەی خەم
سەد قافڵەی خەمان تێداگرتەن جەم
ڕیشەی موو چەنی ڕیشەی دڵ‌بەندەن
پۆچی میسکم دان کافورم سەندەن
[شەفیع] مووی سفید ڕوسفیدیتەن
هەرچەند نیشانەی نائومێدیتەن[١]

واتە : میرزا بەرەو پیری ئەڕوات وە ئەڵێت ئەی تار کەی کانی ڕەشتنی مووی منت بوو کە زوو سپی بوو ؟ ئەویش ئەڵێت تۆ ئەوسا لە کامەرانیو خۆشیدا سەر لوتکەی دڵت تەم نەی گرتبو ، بەڵام ئێستا بەهۆی داخی زەمانەی پروپوچەوە وە چەرخی چەپ گەردەوە تازە بەتەمای چیت . وە ئەڵێ بووم بە کاروان‌سرای غەم لەشم بە غەم پەروەردە بووە ، ڕیشکی مووم بە ڕیشکی دڵەوە بەندە بۆیە مووی

(١) نگا : سەیر . جام : ئاوێنە . سیاو : ڕەش . چەرمە : سپی . تار : کاتی سیوەید ڕەشتن . بێشتەر : زیاتر . سەروەش : سەرخۆش . بۆتە : جێگای توانەوەی زێڕ .

ڕەشم کە وەك مسك بو ، داومە بە کافوری سپی کە ڕەنگی تازەی ڕیشمە .

وە دەربارەی بێزاری ئەڵێ:ـ

سیای غەم هجــــوم ئاوەردەن ئیمشـــەو
ئەســـاسي شـــادیم گرد بەردەن ئیمشەو

تاڵ بیەن یەکســـان ئـەوقاتم ئیمشـــەو
سەبرم سۆچنان گشـت وە هەم ئیمشـــەو

تا کەی قامەتم خـەموەردەی غـــەم بـۆ
تا کـــەی دەروونـم وە غـەم ماتەم بـۆ

ســەڵتەی سـیای غەم تا کەی نە دۆش کەم
هەڵقەی نیشی غـەم تا کەی نە گۆش کەم

تا کـــەی بوازون ئاوات ئـــەو عـــەدەم
تا کـەی میـلی غـەم بکێشـو نـە چـەم

تا کـەی ڕوخســـارم چەنی داخو دەرد
بگێڵـــۆ وە ڕەنگ زەعفـــەرانی زەرد

وەی کزی دەرون هـــوونو هانام بۆ
هانای دەردی سەخت کەس نەزانام بــۆ

فەڵەك دەردی دڵ جەفای غـەم تاکـــەی
پای شکستەو لەنـگ ڕای سـتەم تا کـەی

بەرقی تیغ جـــەور ڕۆزگار تاکـــەی
وارای سەیلی هوون هەوری تاو تا کەی[1]

---

(١) ئاوەردەن : هێناویەتی • سۆچنان : سوتانویەتی • بـوازون : بخوازم • وارای : بارینی • بەردەن : بردویەتی • نە دۆش کەم : لەبەرکەم بگیلو : بگەڕێم •

واته :ـ میرزا ئەڵێ بەجۆرێ غەمبارم ، بنچینەی شادیم ڕوخاوە . لەپاشا ئەڵێ تاکەی ئەی فەلەك خۆیناو بەچاوما لافاو بکات جەفاو ئێشو ئازار بکێشم گزەی دەرونم ڕۆژبەڕۆژ پەرە بسێنێت . غەم پشـــــتی چەمانومەتەوە ، وە پەکی خستوم .

## عبدالله بەگی هەورامان

## ـ ١٨٧٩ ـ ١٩٤٤ ـ

ناوی عبدالله کوڕی حمە شفیع بەگ ، لە بنەماڵەی بەگ زادەکانی حەسەن سانی هەورامانی تەختە ، لە ساڵی ١٩٣٠ بە فەرمانی شـــــای ئێران ، لەگەڵ چەند هاورێیەکی ، لە بەندیخانەی ئەسفەهان ماوەی دە ساڵ ، بەندکراوە زۆربەی هۆنراوەکانی ، لە بەندیخانەدا ووتوونی لەم هۆنراوەیەدا باسی خەویك ئەکات کە لە بەندیخانەدا دیویەتی :ـ

یاران هامسـەران ئیمشـــەو خاوێ دیم .
جە زیندانی تـــار عەجەب خاوێ دیـــم

ئـازادی وەتـــەن هـــەورامانـــم دی
ئیلاخانـــی چـــۆڵ کۆســـالانـــم دی

وەنەوشـــەی وەش بۆ چنور جە هـەردان
ئامـــا نـــە خـــاوم پەی بـــارو دەردان

ڕێحان بەلش دێز شـــــەست بەڕ جە باخان
سۆســەنو نەســرین شەوبۆی ئیلاخـــان

بەرزەڵنگ جـــەکۆ چنـــوور جـــە کاوان
ســەوزیو مێرغوزار هـاڕەی بـــەفراوان

چەنی هامسەران نیشتەبیم وەشاد
بە کەیفو ئاهەنگ غەم مەدام وە باد

گۆش بە سەدای ساز چەم بە نگاوە
جە قاوەخانەی ڕای کەمالاوە

لێو بە پیالەی عەقیق ڕەنگەوە
گاهێ پڕ بە شەوق گابە خەندەوە

گاە نگای کۆسار بەرزی ئیلاخان
گا نگای خەزان ، گا نگای زەردان

جەی عەیشو نیشات جەی خەوی بەتاڵ
زیندانیم ئەسلاً نامان بە خەیال

هەر پاسەم زانان وێم شەهریارم
چەرخی کەچ کردار نەدان ئازارم

پاسەم مەزانا شای خاوەن بەختم
نەزانام مەزلوم حەپسی بەدبەختم

وەختێو بێدار بیم تەماشا کەردم
ئازارو زیندان نەزەر ئاوەردم

چەندە مەدهۆش بیم تەواسامەوە
عەقلو فامو هۆش نەمەن لامەوە

سەد موقابیل بێ باری خەمانم
وە سۆ ئاماوە سۆتەی زامانم

غەیر جە ئێشو نێش جەفای ڕۆژگار
هیچ سودیو جەفاو نەدیم جە ڕووی کار

زامی کۆنەو نۆم تازە کەردەوە
زار زار مەنالام وە دەم دەردەوە
یارەب هەر کەسێو کە ڕۆش نەهات بۆ
زامزەدەی تەقدیر ڕووی سەربیسات بۆ
کەشتی نگینش هەر سەرنگونەن
نە گێجاوی گێج ڕودی جەیحونەن
مۆرەی ئیقبالش دووشەش ناوردەن
چەنی بەدبەختی مامەڵەش کەردەن
خوردو خۆراکش ژاراوی زەردەن
خاوی شیرینش هەر ئێشو دەردەن
یارەب بەحاجەت رەسولی حەبیب
خاکی غەریبیم نەکەری نەسیب (١)

واتە : لەمهۆنراوەیەدا ئەلێت لەزیندانا لەخەوما وام ئەزانی کە ڕۆیشتومەتەوە بۆ ناوچەی هەورامان وە لە ناو دۆستو برادەرا دانیشتبووم ، زۆر بەختیار بووم بەڵام کە خەبەرم بووەوە لە ناکاوا خۆم لە زیندان دی وە پاسەوانەکان لە دەورو پشتما بوون ، زامانی دێرینم هاتنەوە ئێشو ئازار ، وە دەست لەسەر ئەژنۆ دانیشتم . وە دەربارەی کوێستانەکان لە هۆنراوەیەکیکەدا ئەلێت :ـ

یادی گوزەشتەی هامفەردانم کەرد
کوردستان مەحاڵ هەورامانم کەرد

(١) تار : تاریك . سۆ: ئازار . خاو: خەو . نیشتەبێم: دانیشتبووم . پاسەم مەزانا : وام ئەزانی . ئاژان : حەیتەی زیندان .

یادی گوزەشتەی هامفەردانم کەرد زیادەیە
سەیری سەر هەردان (کۆسالان)م کـەرد
جایێ چوون (بەندەن) فەرەحسازم کەرد
جای نیشات ئەنگێز (دەرەویان )م کـەرد
یادی تـەماشـــای بەرزی خاسـم کەرد
چەندێ تەواسام چەندێ تاسـم کــەرد
یـــادی خـەیالی ( دەمیهـاڵ)م کـــەرد
تـا کـە (ساروخە)ی رووی ژیوارم کەرد
ئارەزووی (مەڵێن) (پیەن سەر)م کـــەرد
هـــەوارگەی (بەدهۆ) موعەتەرم کـــەرد
یادی پاڵاوەژ (سەکۆی ســـان)م کەرد
قولەی (پیر رۆستەم) جەرگم بەر ئاوەرد[1]

واتە :ــ لەزیندانا یادی ئەو هەموو هەوارگە ڕەنگینانەم کرد کە لەکاتی سەربەستیما لەوێ رامبواردوە • وە بەبۆنەی دووچار بوونیەوە بە خۆشەویستی کچێکەوە کە ناوی (نەباتێ) بووە ئەڵێت :ــ

گا گریــــەو زاری مەنالام جــە دەرد
گا جەفاکێشــــان هەناســانی ســەرد
گا سەرمەستی عیشق بێزار جــە یانــە
گاشوکری دەرگای یەكتــای یــەگانە
گا دڵوەشـــی دەرد فـکرو خــەیالان
گا شەیدای بالای شــای سۆسەن خالان

(١) ناوەکانی ناوکەوانە هەموویان ناوی هەوارگەن •

دڵبەر هـەر وە عەیش گوڵان وەهـار بێ
بێ ئاگا جە حاڵ ئی بەنـدەی زار بێ[1]

واتە :ـ زۆرجار من لە ئێشو ئازارو دەردیسەریدا بووم بـۆ یار ئەویش لە خۆشی خۆی نەئەکەوت وە بێئاگا بوو لە سەرگەردانی من ٠

## میرزا عبدالقادری تەوێڵەیی

## ـ ١٨٧٣ ـ ١٩٤٩م ـ

ناوی عبدالقادر کوڕی حەمە یوسف کوڕی وەستا محمد پزیشکو هەستیارێکی ناودار بووە هۆنراوەی بەشێوەی هەورامیو زمانی فارسی زۆر بووە ٠ بەڵام بەداخەوە کۆنەکراونەتەوە لەکاتی خۆیدا وە لە ساڵی ١٩٠٩دا بەفرێکی زۆر باریوە هەر لە سەرەتاوە ئامـۆژگاری خەڵك ئەکاتو ئەڵێ ئەمساڵ ساڵێکی سەختە دەست بە زەخیرەوە بگرن نەوەك لێتان ببڕێ وە ڕوونی کردوەتەوە کە بەفرێکی واباریوە کەس نەیتوانیوە هیچ جۆرە ئیشێك بکات :ـ

هۆنراوەکە ٠

تأریخ جە هەزار سێسـەد بیسـتو نۆ
تأریخی ئەمسـاڵ جە لات مەعلـوم بـۆ

هەرکەس ماڵدارەن با ڕزقش جـەم بـۆ
نەکای جە وەهـار ئەوزاحش کـەم بـو

---

(١) مەناڵام : ئەم ناڵاند ٠ جەفا : ناخۆشی ٠ یانە : خانو ٠ دڵوەش: دڵ خۆش ٠

ڕۆغەنو گەنم برنجی شاران
ئامادە کەردی بێحەدو پایان
بێ دەوڵەت دوو دەست بدە وەسەردا
پەلاسێو قایم بکە وەبەردا
بی بە تۆزو گەرد بەڕووی هەواوە
شی پەرێ (شاهۆ) جە پشتی پاوە
پایتەختش بۆوست ئۆ (پەشتو ناو)ی
هاوراش کیاست پەی (سەڵوەکاو)ی
سا کە ئێد ئەژنی (دووختانوخانی)
وات (هاڵێ) وڕا حاڵم بزانی
(خوڕخوڕە)ی چڕیش (هانە شیروانی)
پەی (قوولۆ دمەی) خەبەر کیانی
خەبەر کیانی پەی (مڵەوەردی)
(وەڵنەوەزانا) با خەبەر کەردی
واچە (زمناکۆ)ی ساکن بو پەی وێش
خەبەر بدۆنە بە هامسایی وێش
(کریلە) عاجز (ماکۆ)ن بێدەنگ
بەرزی (داڵەهۆ) عاجزەن بێڕەنگ(۱)

***

موختەسەر وارا تا بیستی سەفەر
عالەم ج یانە نمەشی وەبەر

---

(۱) ئەوانەی ناو کەوانە شاخی بەرزو سەیرانگەن ٠

بـــەزازان عاجز جۆڵایـــــان مـاتـــــڵ
کەوش دروان یەکسـەر گشت بیەن خجڵ
چوارپینـــەی کەوشـــی فەقیران دڕیان
هەلاجان بێ کـــەیف ژێکەمـان بڕیـان
دووکەڵی یانــە کارێـوش کـــەردەن
پەنـا بـە ئەهلی جـەهـەنـەم بـــەردەن
زیقەتـێو ئـۆنــاو وەحشـیان کەوتـەن
سـەگان جە حەیبەت گورگان نەسرەوتەن

## ئایة اللهی مەردۆخی

ناوی شێخ محمد کوری شیخ عبدالمؤمن لە نەوەی پیرمحمد = بابامەردۆخەی هەورامیە • ئەم زانایە لە زۆربەی عیلمە کاندا دەستێکی باڵای هەیە بەتایبەتی لە عقاید ، مێژوو ، فەلسەفە هتد •••• زیاتر لە ٣٨ پەڕاوو کتێبی داناوە وەك فەرهەنگی مەردۆخ ، تأریخ مەردۆخ ، ندای اتحاد ، نسیمی استگاری هتد •••

تائێستاش کە تەمەنی لە [٨٠] ساڵ زیاترە بالەسەر نووسینو پەراو دانان بەردەوامە ، هۆنراوەی بە شێوەی هەورامیو بە زمانی فارسی زۆر ووتووە بۆ نمونە ئەم هۆنراوەیەی کە لە وەڵامی دکتور سەعیـــد ناوێکی هەورامی نووسیوە کە پەڕاوێکی بەناوی (نزانی = مژدە) ناردوە بەدیاری بۆی • هۆنراوەکە :ـ

ئارامـــــی دڵـــەی پڕ جەخـارەکەم
دەرمانـی دەروون پڕئـازارەکـــــەم

نامـــەی نـــزانیت وەلای مـن یـــاوا
بۆسـامو نـــە ڕوی دوو دیـــدەم ساوا

یاوا وەســـەردەم کوشتەکەی تـیـرت
مەڵهەم دا نـــە زام خەســـتەی زنجیرت

یاســای دڵداریت بـــەجـا ئاوردەن
بۆچـك نـــەو ئەزیەت پاوەجێ کەردەن

ویره گوڵ شـیرین شەکەر ڕێژەکـــەت
واژەی گوڵ قەشـــەنگ عەبیربێژەکـەت

نە دڵێ ســـەد دڵ فریشـــتەش مـەبۆ
هەزارێ وەك مـــن شیفتەش مـــەبۆ

گلـەی دڵـەکەت جـۆش ئـــاوەردەبێ
کزەی دوریەکـەت قســـە کەردەبـــێ

من خۆ کـەم زوخاو چەپ گەردم وەردەن
ئەمجار ئـــەم کزە سـامانساش کەردەن

دێوناتـــۆ دووری کـــورەی دەروونم
کـولناتـــۆ زامـــان دڵـەی پرهوونـم

مـن جــــە دووری تۆ دڵـــم پـردەردەن
وێرەو ، ووژارەم جـە هەردوو هـەردەن

هەرسا دیم وەچەم نـــەوهـاڵ بـــاڵات
کـــارەبام یـــاوا وە لاڵ ئـــاڵات

دیســـان دیمەوە گۆنـــا زەردەکەت
بۆســـام دەردانـــە قـەتران وەردەکەت

ئانــه ڕژۆ جــەژن شــادمانیــەن
ئانــه نــەووەهــار زینــدەگانیــەن
وەرنــه ئیسه من هــــوونی دڵ وەردە
گیانم سەنگین بار تــــەن خــەزان کەردە
جەرگم وەمــــەودای زانا بیــەن ڕێش
پی دەردۆ ئازیز نزانیــم پەی چێش (١)

واتە :ــ لەم هۆنراوەیەدا مەردۆخ بە دوکتۆر سەعید ڕائەگەێنێ وە ئەڵێت بەگەیشتنی نامەکەت لەگەڵ پەراوی (نزانی) زامانی دێرینم کولانەوە ، من لە دووری تۆ زۆر زوخاوم چەشتوە ، بەڕاســــتی پەڕاوەکەت بریتیە لە وێژەو ووشەی ڕەنگین ، وە نامەکەتم خستە بان چاووم بەڵام من کە دڵم خوێناویە وە پەرێشانم بەمدەردەوە نزانیــــم بۆچیــه ٠

## میرزا عبدالقادری پاوەیی
## ١٨٣٤ ــ ١٩٠٧

میرزا عبدالقادر بۆێژو هەڵبەستەوانێکی ناودار بوە لە پاوە لەدایك بووە ، هۆنراوەی بەشێوەی هەورامیو زمانی فارسیزۆرە[٢] ، لــه یەکی لە هۆنراوەکانیا کە لەگەڵ شنەی شەماڵدا گفتوگۆ ئــەکات ئەڵێت :ــ

(١) خار : دڕك ٠ نزانی : ناوی کتێبە ٠ یاوا : گەیشــــت ٠ ویر : بیر = هۆش ٠ واژە : ئەدەب ٠ قەشەنگ : زۆرچاك دێونات : ئالۆزانت ٠ سامانسا : پەرەی سەندوە ٠ هەرسا : هەرکاتێ ٠ نەوهال : نەمامی تازە ڕواوە٠٠
(٢) دانەری داستانی ئاسمانو زەمینە بەجوانترین شێوە ٠

شنۆی سەحەرخێز شنۆی سـەحەرخێز
شنۆی سەرکاوان نەسیم سـەحەر خێـز
وەهار وە ڕەونەق زمســتان وە بـێز
مەحرەم وە حـەرەم سەرای شای پەروێز
شـانای تای توغرای زولـف تەتـاران
هـام زارو هـامدەرد دیـدەخوماران
دەوای ئێشـو زام دەروون پـرِدەردان
هام شـەریکی دەرد هەناسـە سەردان
سـا دەخیـل شـەماڵ تاقـەتم تاقەن
دڵ نـە مـەوجی گنج سەودای فیراقەن
جەسـتەی پەشێو حـاڵ شادی بەتاڵـم
پـەی دووری ئازیز وێرانـە ماڵـم

تا ئەڵێ :

یـاوای (زاوەلـێ) ســاتێ بناڵـە
جە تەنخوایی مـن پـەی کۆی (قەزاڵە)
سەوزانی لەیـلاخ دیـارەن جـە دوور
(کەلی عاشقان) ، (زەلم)و (شـارە زوور)
زویـری پارچەی وەیسی یـەمەن ماڵ
قولەی پیر رۆستەم (هەیبەت) و (ساراڵ)[1]

---

(١) ئەوانەی کە لە کەوانەدان ناوی چیای بەرزن ٠

توخوا نگاکـــەر چ خاس دڵ گـــیرەن
چاگە ویـــەردی شـــەماڵ بێمـــیرەن[١]

جـە بێمیر بەرشیت (هەوڵی)و (سەراو)ەن
سـەرمایـــەی صحـّت حەیاتی پاوەن[٢]

دایم ئارام گـــەی جەرگەی یارانـــەن
جای عەیش و نیشـــات چەمخومارانـەن

نازك خەیاڵان پاســـەشـــان واتـــەن
(هەولێ)[٣] کەوسەرەن ڕووی سەربیساتەن

ســـاتێ ساکن بەر ئەمجـار وەراســـی
مەبۆ تۆ قیبلـــەم بەی تـــەور بشناســـی

جەودمـــا مـــاوەر عـوزرو بەهانـــە
نامش وە شەش حەرف نەی فەردە زانە

پـەری دەســـتورەن مـــەلائیـــك زادە
خـاوەن سـپاو سـان تەمـــام ئامادە

عەنبـەران ســـەف سەف چنووران چین چین
کەردەن وە پەرچین دائیرەی جـــەمـین

گیسـو چوون کەمەند قـــەترانی زەنگی
چوون هەڵقەی ئەرقەم هەژدەهای جەنگی

---

(١) بێمیر : هەواری خەڵکی پاوەیە ٠

(٢) پاوە :ـ شارێکی زۆر جوانو ئاوەدانە بەناوی (پاو) سەرکردەی یەزدجوردەوە ناونراوە کە لەدەوروبەری ٢٠ی کۆچیدا هاتوە بۆ ئەوناوە ٠

(٣) هەوڵی : هەوارێکی تری خەڵکی پاوەیە ٠

دوو دیدەی مەخموور ڕشتەی ئیلاهی
مەر چەرخنای چەم شـاـبازی شـاـهی

گوناش گوڵی سـوور ناماش نـەخەو
مەگەر ڕشتەی باڵ لەعلی کەیخەسـرەو

دەم غونچەی نازك خۆشبۆی خۆش عەبیر
زنجی تۆپی زەڕ هۆرکەندەی کشـمیر

گەردەن چوون بلوور ئاینەی بێ گـەرد
جای تین چون ئاوی حەیاتەن پەیدەرد

سـینە سینەی بەت لای چـین ئـاوان
پەرەستۆی نازك نەرمی سـەرکـاوان

بدیە ئەر خۆرشید کەم کەرد شوعلەی خۆر
ئانە ئەو جـە بورج خاوەر کێشان سـەر

دەخیل نەگنۆت سـەر هەوای سەرکەشان
ئی نامـەو نیشـان جە یادت نەشـان

جەوسـاعەت مەشـی مەیاوی پابـۆس
چەم شاد کەر وە گەرد پاکی پاڵای دۆس

ئەڵبەت مەپەرسۆ هـا چێشەن شـەماڵ
پەی چێش ئامانی چێش پێتـەن ئـەحواڵ

واچە قەیسـەکەی وێڵ تۆ ئاسـاکـە
فـەرهاد خەسـتەکەو مەجنون ئاساکـە

دێوانـەکەی وێت دڵ ناشـادە کـە
خەسـتەی نائۆمێـد ڕەنج وەبادە کـە

زام‌زه‌ده‌ی خه‌مـــــان جگه‌رپاره‌کـــه
چه‌م جه ئه‌سرین که‌یـــل.بێ‌قه‌راره‌کـــه
یا مه‌لهه‌م یا مه‌رگ مه‌سپارۆت به‌ده‌ســت
باوه‌ر بماڵه‌ش نـه‌جای زامی خه‌ســت
قادر تا زینده‌ن غـــه‌م نـــه خه‌یاڵـــه‌ن
جان فیـــدای له‌یله‌ن بـه‌نده‌ی شه‌ماڵه‌ن(۱)

واته : میرزا داوا له شه‌ماڵ ئه‌کات کـــه بچێته لای یاری وه ناو نیشانی زۆری بۆ هـــه‌ڵ ئه‌دات وه ئـــه‌ڵێ پاش ئـــه‌وه‌ی له چیـــای قـــه‌زاڵـه تێپه‌رت کـــرد ئه‌گه‌یته ســـه‌رچاوه‌ی هه‌وڵێ کـــــه شـــوێنیکی سه‌یرانگاو خوشـــو ڕه‌نگینه ئاوه‌کـه‌ی زۆر ســازگاره وه له‌وێ که‌مێ ڕاوه‌ستـه یـارم بدۆزه‌ره‌وه ناوکـه‌ی بریتیـه لـــه سه‌ش پیت (پریزاد) ناوونیشانێکی‌تر ئه‌وه‌یه ئه‌ی شه‌ماڵ په‌رچـــه‌می یارم وه‌ك ڕه‌ش‌مار لوولی خواردوه وه بوون به په‌رژین بۆ ده‌موچاوی، چاوه‌جوانه‌کانی مه‌گه‌ر چاوی شاباز لاسایی‌یان بکاته‌وه گوڵی سوور ناگاته جوانی گۆنای ، ده‌مي وه‌ك غونچه‌ی تازه‌یه گه‌ردن به‌رزو لامل زه‌رد ، ئه‌گه‌ر رۆژ بێ‌تین‌بوو ئه‌وه ده‌مو چاوی ئه‌و ده‌رکه‌وتووه .

ئه‌گه‌ر لێی‌پرسیت شه‌ماڵ ئێشت چی‌یه بڵی یاره دێوانه کـــه‌ت فرمێســك ئه‌ڕێژێو دڵ زامداری تۆیه .

ئه‌ویش یا مه‌لهه‌م یا مه‌رگت ئه‌داته ده‌ست که بۆم‌بهێنی ئه‌گه‌ر

---

(۱) یاوای : گه‌ییشتی . قه‌زاڵه : شاخێکی به‌رزه که‌وتوه‌ته پشتی خانه‌گاوه له‌لایه‌ك له‌یلاخ له‌لایه‌ك مایده‌شت وه له‌لایکـــی‌تره‌وه شاره‌زووری لێوه ده‌رئه‌که‌وێ . ویه‌ردی : تیپه‌ڕت کرد . به‌ت : باڵنده‌یه‌کی سپیه له که‌نار ئاودا ئه‌ژي . په‌ره‌ستو : باڵنده‌یه‌کی نه‌رمونیانه به‌سه‌رچیاکانه‌وه ئه‌ژی .

مەڵهەمی دایئێ بیسوە بە زامەکانما با سارێش بێن • ئەگەر ئەم ڕاسپێریەم بۆ بکەیت تا ماوم بەندەی تۆم ئەی شەماڵ •

وە لە شیوەنی شیخ حەمەعەزیری[1] نجاردا ئەڵیت :

دەرونـم چـەنـەو قامـەتم قـاخ کەرد

وە داغمایی سەخت دەروونـم داخ کـەرد

حوجرەی دڵ وە هوون غەمان غەمپۆش کەرد

دیدەم چوون جەیحون ئەسرین خرۆش کەرد[2]

## ـ دانای هەورامی[3] ـ

نیشتەبێم وە کز جـە دووری چەمـم
بەکوڵ مـە گرەوان من هەردوو چەمم
زانام کە هانـام یـاوا بە گـەردوون
دەس بە گا چـۆن بیم پەی باڵای چەمم

* * *

ناگا دیم چـەمم هـا نە وەرمەنـە
وێرەگا وەختـەن پرشـەی، وەرمەنە
واتـم بێدار بـە ئەی دڵ شـادیەن
چوون دڵ بێئاگان ئینا وەرمەنـە

* * *

زانام نامەبـەر هان جەلاش پەیکـی

---

(١) شێخ حەمە عەزیز لە ١٩٠٢ م کۆچی کردوە •

(٢) قاخ: کۆم : چەمانەوە • جەیحون: ڕوبارێکە لە یەکیەتی سۆڤیەت

(٣) بڕوانە بۆ بەرگی دووەمی ئەم نووسراوە •

بەرسام ئیی نامـە چی ئامان پەی کی ؟
مەس بیم کە نامەی لـەیلی دوودم بـی
پێسـە بنۆشـو بە چەندان پەیکی(١)

واتە : بێزاری دەربڕینە لە دووری یار ، وە لەئەنجامدا خۆشیو کامەرانی ئەگەیێنێ لە دووریەوە بۆ نزیکیەکی کوتوپڕی • وە لـەم هۆنراوەیەدا ڕۆتۆش (البلاغە) جوان دەرئەکەوی وەك چوون یەکی تەواو (الجناس التام) •

ووشەی چەمم بە سێ مانا : لە یەکەمدا یار ، دووەم چاو ، سێیەم چەمانەوەیە ، وە ووشەی وەرمەنە یەکەم بەردەم ، دووەم خۆر مابوو، سێیەم لەخەوابوو ئەگەیێنێ •

ووشەی پەیکێ یەکەم بەمانا بۆ کێ ، دووەم نامە ، سێیەم پیاڵەی مەی ئەگێنێ •

وە لە هۆنراوەیەکی کەدا ڕووئەکاتە چیای تەختی هەورامان ، وە ئەڵێ :ـ

ئەی تەخت چی بەرگی ماتەمیت پۆشـــان
ئەسرینی هوونین نـە دیدەت جۆشـــان
بێنازو پـــەرۆش زەرەزت لاڵـــەن
هامڕازت پـــەپون واشـــەن یا داڵـــەن

---

(١) نیشتەبیم : دانیشتبووم • مەگرەوان : ئەگریان • وێرەگــا : ئێوارە • ئینا وەرمەنە : لە جەواِیە • ئەم هۆنراوەیە لە ڕۆژنامەی ڕاپەڕین ژمارە ١٨٧ سالی ١٩٦٨دا بلاو کراوەتەوە •

هەرچند بەنامی ماچا تەختەنی
بەلام پەی ئیمە خەیلێو سەختەنی
شەماڵت فاران کەردەنت بۆران
تا کوشندە بو پەرێ ڕاویەران

***

دانا : بە دنیای کەمێ ڕات بەردەن
وێت جە دەردی من بێخەبەر کەردەن
تا یاران وەی تەور بەیانێ سەرم
بۆش نیەن (چنور) یا (وەرکەمەر)م
(سوورەهەڵاڵە)م گوڵ مەکەرۆ سوور
کەس بۆنی (شەوبۆ)م مەکەرو جە دوور
چەرخی گەردوونی تا پێسە گێلا
من هەر مانەناو بیناییم لێلا
هەرساتێو نەمەن قەدەغەو سنوور
سەیرانم کەردی بە کەیفو سرور
پێچاوپێچ جادی نە دەورم دریا
با گوڵ نەوینو تا غەمیم بڕیا
با گاسم کەرو سازو نەغمەی نەی
زڕەو پیاڵەی کاسەیی پڕمەی
داڵانی و هەیات، هەتا حەوت کەشان
(بەرزەڵنگ[1]) کەرۆ بۆیی وێش بەخشان

---

(١) ئەوناوانە کە لە کەوانەدان گوڵی بونخۆشن .

مان جــه دامێنم چەمــەی ئاوێســەر
تامو شیرینیش وەش‌تەر جە کەوسەر
شــنەی شەماڵم هاژەی بـــەفراوم
بەرکەرو جــه دڵ دردو زوخـــاوم
شـانازی کەروو بە لووتکــەی بەرزم
بە عەترو گوڵاو گوڵی ســەد تــەرزم
گۆشت کەڕ کەروو جە قاقبــەی ژەرەژ
جە نەغمەی بولبول ڵای نســاری کـەژ
پی رەنگە هەرکەس جـــه لام بنیشــو
هەرگیز هەناسەی سەرد هۆرمەکێشــو (١)

واته :ـ مەبەستی [دانا] ئەوەیە کە خەڵکی تەوێڵە بە سەربەستی ناتوانن سەیرانی تەخت بکەن ، وە شوێنێکە زۆر پێویستی بە جادەی ئوتوموبیل هەیە ، بۆئەوەی بەئاسانی خەڵکی بچنە ئەوێ ، وە خەڵکی هەورامانی ئەودیو بەکۆڵ هەڵگرتن پێویستی ژیان ئەگوێزنەوە ٠

وە ئەڵێت لە تەلقینی رەنجبەرێکی هەوراميا :ـ
ئــەی بەندەی خــودا جــه گۆری‌تەنیـا
ئیســـــه فریشتی پەی‌لاو تۆ مەیـــــا
پەرســـا لێت ماچا ئاینت کـــامـــەن
خوداو پێغــەمبــەر پەراوت کامــەن

(١) تەخت : کەژێکی بەرزە لە پشت ئاوێسەرەوە ٠ ژەرەژ : کەو ٠ قاران : گۆرپیوەتەوە ٠ هوونین : خوێناوی ٠
ئەم هۆنراوەیە لە راپەرینی ژمارە ١٨٢ سالی ٦٨ بلاو کراوەتەوە

ئەئەرسی واچە یەزدان خودامەن
موحەممەد نەبیم هەم پێشەوامەن

قورئان پەڕاوم کابە قیبلەمەن
زورداری کافر برا کوشتەمەن

چێش پەرسی ئادەی کاکە ئەڕنەمووك
تا واچوت‌پەنە بە ئاسانو سووك

گۆڕە مشیو بو پەری گردیما
هەرپێسە کورە ـ وڵەکەو لاویما

ئیرۆ دوزەخی بی درۆو شکەن
تەخمینش گێرە کوورەی ئاهەکەن

جە دنیای ڕۆشن تەمرینم کەردەن
جە وەنەن هەجیج سەدکۆڵم بەردەن

زووتەر مەویەرو سەرو سیراتی
با تیژ بو باریك منیج پاپەتی

تۆ جە کۆسالآن خۆکەردەنت گەشت
هەر پاجۆرەنە مزانو بەهەشت

من کە قامەتم کەمانی لار بی
وەشی کۆسالآن لێم ژاری مار بی

سەوزیو مێرغوزار نە دیدەم تاربی
کوسالآن پەی‌من هەر سەنگو خار بی

بدیە وە سۆزی زامانی دەردم
وە هەوری سەرکەش هەناسەی سەردم

مِن پەرسو وەڵام شمەم پەیچێش بــنی
تا زینــدە بێنێ جەســتەم پڕێش بــی
سۆب تا وێرەگا کۆڵ لەســەرشان بیم
وێــرەگا تا ســوب ئاەو ناڵان بیـــم
پۆشبـــاك چلپینــە وەنەش دیـار بێ
لەشــم ساغ نەبی هــەر دەردەدار بــێ
بــە شـــەوو بە ڕۆ کاسپــنی کــەرێنی
سەرکارو قڵۆخ نیمــەش بــەرێنـــی
سەرتاپـای عومرم گرد مەینەت بیـــەن
هــەر کاژێریوم قیامــەت بیـــەن
پــەی لوای بەهەشـــت من بێ مەرجەنا
چوون شـــەهیدەنا کوشتــەی ڕەنجەنا
بێگومان زانــو یاگـــەم. بەهەشـــتا
واز جــە من باردێ خــودا حافیزتـــا
مەشـــیی زانیتــا من نــــەمەردەنـــا
زەحمەتو ژیـــوای بیهوش کـــەردەنا
پــەی ئامـــای قــەبری ئاواتم واسـەن
ووچانم دەیــدی کۆتایی باســـەن (١)

واتە : دانا : بە زمانی حاڵی ڕەنجبەریکەوە ئەم هۆنراوەیــەی ووتوە کە ڕەنجبەر مردوە وە فریشتەکان ئەچنە سەر گۆری بۆ پرسیار

(١) مەیا : دێن ٠ پەرسا : ئەپرسن ٠ واچە : بلێ ٠ گردیمـــا ٠ هەموومان ٠ کۆرەوڵە : خانوی تاریکو تەنگەبەرە ٠ نەدیدەم : لەچاوما٠لاوێما : لای خۆمان٠ ئێر : ئاگر٠ مەویەرو : تێئەپەرم٠ سیرات : مەبەستی : پردی سیراتە ٠

کردن ، ئەویش بەئاسانی وەڵامیان ئەداتەوە ئەلێ گۆڕ ڕاستە ، هەروەکو خانووە تەسکو تاریکەکەی دنیام وایە کە تیا ژیاوم • ئاگری دۆزەخ ڕاستە وادابنی کوورەی ئاهەکە کە بەرد ئەسوتینی • وە لە دنیادا ئەوەندە بەسەر (وەنەن[1])دا بەکۆڵەوە ڕۆیشتووم وام لێ هاتوە بەسەر پردی سیراتا ڕابکەم هەر با تیژ بێتو باریکتر بێت وە منیش پێ پەتی بم • بێ گومان کۆسالانت دیوە کە بەهەشتێکی ڕەنگینە ، بەڵام نەك بۆ من چونکە ئەوەندە ژیانم سەخت بوو دیمەنە جوانەکەی وەك تەم وابوو لە پێش چاووم لەتاو ڕەنج کێشـــانو ماندوبوندا • ئاوە سازگارەکەی بۆ من تامی نەبوو • سەیران گاکانی هەر بەردی ڕەقو درك بوون بۆ من بەیانی تا ئێوارە کۆڵ هەڵگرو شەو تا بەیانی خەووم لێ زڕابوو • بەرهەمی ساڵانەم زیاتر لە نیوەی لێیان ئەسەنـدم • بێ گومان ئەچمە بەهەشت وازم لێ بێنن چونکە وەك شەهید کوژراوی ڕەنجم • خۆم ئاواتم خواستوە لەناو گۆڕ وچانێك بدەم • خـواتان لەگەڵ •

---

(١) ماوەي دە ساڵێك لەمەوپێش لەسەر سیروان هەورامیەکـان جۆرەپردیکیان دروست کردوە لە دارمێوی زڕو دازی ئەرخەوان وە لەمدواییەدا تەلیان تێکەڵاو کردوە هـەروەك سـەبەتە بهونیتەوە هۆنیویانەتەوە بـەڵام بەشێوەیەکی زۆر ئەستوورو بەهێز وە لەمبەرو لەوبـەر بە مێخو بەردی گـەورە باش بەسترابوون ، وە لەملاو لەولایەوە جێگای دەست گرتنی هەبوو کە مرۆڤ بە شێوەی چەمانەوە چوەتە ئەوبەر وە دەستی بـەملاو بەولایەوە گرتوە • وە زۆر درێژو تەسك بووە کە یەك کەس توانیویەتی بەسەریا تێ پەڕ بێت تەنانەت زۆر جار وەك جۆلانە هاتوچۆی کردوە ، وە بێجگە لە خەڵکی ئەوناوە کەم کـەس توانیویەتی بوێری بەسەریا بڕوات • لەبەردەم دێی هەجیجدا وەنەنێك بووە لەگەڵ هەندێ شوێنیتر بەسەر سیروانەوە • بە بەرگی ئەم کتێبەوە تەماشای دیمەنی (وەنەن) بکە •

# بەشی سێیەم

## ـ مەولانا خالد(١) ـ

ئەم پێشەوایە زۆر پایەبەرزو خوێندەوارێکی یەکجار هەڵکەوتو بوە ، زۆر وولات گەڕاوە ، پێویست ناکات بیان‌نووسین وە درێژە بە مێژوی ژیانی بدەین • بەس ئەوەندە هەیە دانراوی زیاتر لە شەش پەڕاو لە زۆر جۆر عیلما هەیە ، دیوانی هۆنراوەی تایبەتی هەیـە ، مەولانا لە سالی ١٢٢٢ چوە بۆ هیندستان بۆ لای شا عبداللّەی دهلەوی • پاش گەڕانەوەی لە سولەیمانی نیشتەجێ بووە ، لەپاشا چووە بۆ شام وە تا کۆچ کردن لەوێ ماوەتەوە •

دە پەڕاو دانراون لەسەر مێژوو وە فەرمودەکانی مەولانا خالد ، بە سەدان وەك شێخی سراج‌الدین خەلیفەی بوون •

لە هۆنراوەیەك بە شێوەی هەورامی ئەفەرمێت :

یا فەردی ئەعظەم یا فـــەردی ئەعظەم
یا حـــەی یا قـــەیووم یا فەردی ئەعظەم

تا ئەفەرمێ :

فرۆزەندەی بەرق نەسینەی ســـەحاو
ئولفـەت دەهـندەی ئایـــر چەنی ئـــاو
شۆلەبەخشـــی ئار پر لە ئەفزای نـــوور
ڕوزی دەهـنـدەی مـەلو مارو مـــور

---

(١) لە ١١٩٣ هـ لە قەرەداغ لە دایك‌بووە وە لە ١٢٤٦ لە شام کۆچی کردوە •

ڕوی ڕۆشن بە شەو شـــەو بە ڕۆژ دەر
گـــەدایان بە شـــا شا بە گەدا کـــەر
جە شـــەڕی فیرعەون موســـا نەجات‌دەر
ئایـــر پەی خەلیـــل وە گولســـتان کەر
نگـــون کـــونوندەی تاجی فـــەرەیدون
خەسرەو غەلتان‌کەر نەگیجاوی هـــوون
جامی جەم نە دەس جەمشید بەرئـــاوەر
کەللـــەی کەیکاوس وە تووتیـــا کـــەر
نیشانی توغـــرای زوڵفـــی دێزی لـــەیل
ڕانمای مەجنوون نە هـــەردەی دوجەیل
ئامام ئاســـانەت بـــە ڕەنگـــی زەردم
تۆبـــەی نەســـوحي نە دەزگـــات کەردم
من وێـــم ببەخشـــی لایق نیـــم هەرچەند
تو بەخشیم بە عەشق شاهی (نەقشـــبەند)
ڕەزامەندی وێت لێم‌کەری مەعلـــــوم
(خالد) جە دەرگات نەکەری مـــەحروم[1]

واتە :ـ لە یەزدان ئەپارێتەوە وە نزا ئەکات کە خوا لێی خۆش بێت پاش ئەوەی کە تەواناي یەزدان ئاشکرا ئەکات • دیارە هۆنراوەی پیاوی وەك مەولانا خالد پرمانایە بەڵام لێرەدا نەمان توانی زۆر لەسەری برۆین •

---

(١) فرۆزندە : پەیاکەر • نەگون : لەناوبردن • ئامام : هاتم •

## غولام‌شا خان (١)

ناوی أمان‌الله کوری خەسرەو خانی ناکامە لەکۆشکی فتح علی شای قاجاردا گەورە بووە دووجار فەرمان رەوایی شاری‌سنە و ناوچەکانی گرتوەتە دەست • لە ١٨٤٢م لە سەردەمی فتح‌علی‌شادا وە لە ١٨٤٥ لە سەردەمی ناصرالدین شادا• هۆنراوەی بەشێوەی هەورامی زۆرە ، بۆ نمونە لە یەکێکیان‌دا ئەڵێت :ـ

میرزام زامی حەی میرزام زامی حەی
ئەفلاتون فامان حەکیمانی حەی
دانایانی دەور دانش کەردەن طەی
پەی ئازاری دڵ نیشان‌دا دوو بەی
بەی چ بەی سەمەر نەونەمامی نەی
خۆلاسەو خۆش‌بۆ خۆش‌مەزە چون مەي
ناگا پەیدا بی جفتێ سیا حەی
موستەحضەر مدران نە دەورانی بەی
کەچەن چوون عەقرەب پێچ پێچەن چون حەی
لولەن چوون لاولاو پەی نەمامی نەی
قەومانو خوێشان کی دیەن کەی کەی
بەی مێوەی نەی بۆ حەی نە دەوری بەی
حەی‌و بەی‌و نەی جەرگم کەردن پەی
زیندەگیم پەی‌چیش وەی‌وەی یانەم وەی
مەر هەم بای شەماڵ بیاوۆ پەی‌پەی
جە هەم جیا کا حەیو بەیو نەی

(١) لە سالی ١٨٦٦ مدا مردوە •

به حوکمی ( قادر عــــلی کل شـــــی)

وه پەیام مەقسەد کەردم تـــەی[1]

واتە : خەڵکینە پارە تازە نەمامەکەم دوو بەهێی پێوەیە وەك مەی تامو بۆن خۆشن • بەڵام چی بکەم دوو ڕەش‌مار وەك لاولاو ئاڵاون بەدەوریان‌دا ناتوانم دەستیان بۆبەرم • باڵا جوانەکەی ، پرچـــــە ڕەنگینەکانی ، مەمکە خرەکانی جەرگی منیان لەت کردوە مەگەر بای شەماڵ لەیەکیان بکاتەوە •

ئەوسا بتوانم دەستیان بۆبەرم •

## (ئەحمەد بەگی کۆماسی ۱۷۹۳ ــ ۱۸۷٦م)[2]

لە بەردەسپی لەدایك‌بووە• هۆنراوەی زۆری بەشێوەی هەورامی وتوە • لە یەکێکیاندا ئەڵێت :

گل‌کۆی تازەی لەیل گل‌گۆی تازەی لەیل
ئارۆ شیم وە سەیر گل‌کۆی تازەی لەیـل
نە پایەی مەزار ئـــەو لەیلی پرمـــەیـل
جە دیدەم واران ئەسرینان چوون سەیـل

(۱) بەی : بەهێ • سیاحەی : ڕەش‌مار • نەی : مەبەستی باڵایە • عەقرەب : دووپشك • جیا کا جە هەم : لەیەکیـان بکاتــەوە • شی : شت •

(۲) ئەم هۆنراوەیە هی حەمە ئاغای دەربەن فەقەرە نیە وەك لە سێ نامیلکەو گۆڤاردا نووسراوە ئەوەندە هەیە حەمە ئاغایش وەك لە کەشکۆڵی مەلاعەولای گەلاڵەدا نووسراوە ، هۆنراوەیەکی هەبوو بەناوی [گلکۆی تازەی یار] وە لەماناد لەیەك ئەچن •

شیم وە سەرینش بەو دڵەی پڕجۆش
سەنگی مەزارش گرتم نە ئاغۆش

واتم ئەی دڵسۆز قەیسی پۆس نە کۆڵ
موبارەکت بۆ یانەی تەنیای چۆڵ

گڕەی نار عەشق دووری باڵای تۆ
کارێ پێم کەردەن نەونەمامی نۆ

نە بە ڕۆژ ئارام نە شەو خاومەن
چوون چەم گل کەران گلاراومەن

چەوساوە کەردش ئەو چەرخ چەپ گەرد
مو تۆ وە زۆر جە هەم جیا کەرد

تۆ بەردەن وە خاك سیای تەنگوتار
من مام پەی عەزاب جەفای ڕۆزگار

هەر ڕۆ چوون مەجنوون خاتر بە غەم کەیل
هەر لەیل لەیلمەن جە هەردەی دوجەیل

شەوان تا وەڕۆ شینو ڕۆڕۆمەن
گشت پەژارەیی تەنیایی تۆمەن

ستارەم شوومەن بەختم لێویان
چوون ئاهوی تەنیا سەر لێم شێویان

یە حالی منەن شای وەفاداران
هەمڕازی تۆ کێن سۆب تا ئێواران

لەجیاتی باهووی قەیسی غەمگینت
کام سەنگی سیا شەو جە باڵینت

سا پەیچێش سۆمای دیدەم تار نەبۆ،
زیندەگی جەلام زەهری مار نەبۆ

ئەو دیدەی مەخموور ئاهو بێزی تۆ
ئەو زوڵفەی قەتران شەرەنگیزی تۆ

وە مەودای چل چەنگ تو تاتات مەکەرد
ئێستە پەشێوەن چوون ڕێحانەی هەرد

نە دای جوابم ـ نە تۆ دەنگت کەرد
ئەمجا بڵیسەم وە گەردوون وینەرد

دیسان هەم جەنەو واتم ئەی دڵسۆز
حەکیمی زامان دەردی مەجنون سۆز

هام نە سەرینت زار زار مەناڵم
خاك یانەی نوورت وە چەم مەماڵم

پەیچێش مەیلی وێم جەلات کەم بیەن
مەر عەهدو بەیمان جە یادت شیەن

دیم دەنگی ئاما نە تۆی خاکەوە
نەو یانەی تاریك حەسرەت ناکەوە

ئاما نە گوشم چوون ڕازی جاران
واتش ئەی مەجنوون وێڵی کۆساران

خاك وە دەستی زۆر زەنجیرم کەردەن
یادی هامڕازان جە یادم بەردەن

هێندە خاکو سەنگ وە جەستەم بارەن
نە جاگەی جواب نە ڕای گوفتارەن

وە هەندێ لە هۆنراوەکەی حەمە ئاغا ئەنووسین بۆ ڕوون بوونەوە وە جیا کردنەوەی لە هۆنراوەکەی ئەحمەد بەگ .

حەمە ئاغا ئەڵێ :ـ

گڵ کۆی تازەی یار گـڵ کۆی تازەی یار
ئارۆ شیم وە سەیر گـڵ کۆی تازەی یار
خەیلی ڕۆ کەرو نە پای ئەو مەزار
وا ئەم زوڵەیخای شۆخی خاتردار
یە چ کۆچی بی ناوەعدە کەردی
من مەندم پەی داخ هەناسە سەردی
یا تۆ خاترت هەر جە من ڕەنجیان
یا تۆرت کەردەن جە قەومو خوێشان

تا ئەڵێ :

سەنگی ڕووی لەحەد پێم کەردەن کارێ
قەتران نە تەرحی سیادەوارێ
دەسەڵات نیەن دەستم بەسان
هەر نە سای یاران من یانەم جیان
جەوساوە (تالیع) پەرسا جەو مەزار
دیدەش یەك بوەن ئەسرینان هەزار

## خانای قوبادی ١٧٠٠ ـ ١٧٥٩

هۆنراوەی بەشێوەی هەورامی ووتوە . لە هۆنراوەیەکدا ئەڵێ

یارەب ئەر بەدخوم ئەر پاکیزە خووم
گونای من چێشەن ئافەریدەی تووم

تۆ وێت حاکــم بــەر هەم وێت بەر قازی
کەس بە سنعي وێش چۆن نیــەن رازی

تــۆ بــە دەســـتی وێت من ئافــەریــدەن
ئەر نــەبۆت پەسەند کی پەســەندیدەن

ئــەورۆ کە هەســتی منت کەرد ڕەقەم
( واللّه وباللّه ) بــە زاتــت قەســەم

ئەر مەبــی وە دەس مــن ئیختیـــاریٚ
منیش جــەودەمدا مــەکەردم کــاریٚ

دنیــای بیٚوەفای تـــۆم نەدیـــا بەچەم
وەی تەور نەکەفتام نــە گیجاوی غــەم

ســا کە کێشــانت بەنتــای بالاّدەس
من مەخلوقی تۆم ئــەر خاسـم ئەر گەس

واتە : خوایە ئەگەر چاك بم یا خراپ بەندەی خۆتم بمزانیایە کە ئەمرم وە لەرۆژی ئەزەلدا دەسەلاّتم ببوایە کارێکم ئەکرد کــە ئەم دنیا پڕوپوچەم نەدیایە •

وە لە هۆنراوەیەکی کەدا ئەڵێ :

من چەنی تۆما تــۆم بۆ چــەنی عــام
تۆ ، تــۆتۆی جــەرگـم جیاکەر جە هام

تۆ تۆ بــەند وە بەنــد بگیلەش پێــدا
گەر تۆ دیت تۆیێ غەیر جە تۆ تێشـــدا

ئەوسا وێت ئاســا باوەرەش وەبــەر
وە مەودای ئەڵماس پاڕەپارەش کــەر

واته : من لەگەڵ تۆمە وەرە وە خەڵکیش بهێنە لەگەڵتا جەرگم نۆ تۆو بەند بەند بگەڕێ پیایا ئەگەر بێجگە لە خۆشە ویستی تــو هیچی کەی تیابو بە نوکی ئەڵماس دەری بێنە وەك زۆرجار دەرتهێناوە٠

لەم پەڕاوەدا ماوە نیە هەموو هۆنەرەکان کە بەشێوەی هەورامی هۆنراوەیان وتووە باسیان بکەین وەك مەحرووم ، ذاخــی ، مـەلای جەباری ، سەی یاقو ، فەقی قادری هەمە وەندی ، تایر بەگ ، ناری ، وەلی دێوانە هتد ٠٠٠

# (بەشی چوارەم)

## هەندێ لە پیاوە ئاینیەکان لەم ناوچەیەدا

ناوچەی هەورامان پیاوی ئاینی زۆری تیا هەڵکەوتوە ، بـــەڵام بەداخەوە مێژووی ژیانی زۆریان بۆ ئێمە ڕوون نەبووەوە • وەك (بابا سەرهەنگ، بابا ئەسکەندەر، سۆفی جانە)، کە مەزارگەیان لە تەوێڵەیە• دوانزە برای کەیمنە کە نەوەی باباتایری هەمەدانین باوکیـــان ناوی باباخاکی ، بووە لەو دوانزەیە (پیر خالد ، قاسم ، خدر ، ئوسمان ، پیری چۆکلە ) •

وە لە هەورامانی تەخت (مەلا قاسمی پایگەلانی ، مەلا تاهیری هەورامی ، مەلا جاداللە ، شیخ وەسیم ، شیخ محمدی فخرالعلماء کە خەڵکی ژاوەرۆیە وە لە ساڵی ١٨٨١ م کۆچی کردوە ، وە مـــەلا عبداللەی خەرپانی ، مەلا صادقی تەوێڵەیی ، هتد •

## (شێخی سراج‌الدین) ١٧٧٤ ـ ١٨٦٧م

ناوی عوثمان کوڕی خالد کوری عبداللە کوری محمودە لـە تەوێڵە لەدایك‌بوە • دایکی ناوی [حەلیمە] وە نەوەی فەقی ئەحمەدی غەزایی بووە • پاش ئەوەی لای مەلا حسەینی نەوسود خوێندویەتی ڕووی کردوەتە سلێمانی بولاي مەولانا خالد وە ئەبێ بە خەلیفەی وە ئەگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە • پاش ئەوەی خوێندن تەواو ئەکات لە هەموو ناوچەکانەوە ڕووئەکەنە خانەقاکەی بۆ سودوەرگرتن •

جارێکیان مەولەوی دوائەکەوێ لە نامە نووسین بـۆي ئەویش ئەنووسێ

(یاکاغەز ووریان یا مەلاّ مەردەن )
(یا هەر عارتەن دۆس وە یاد کەردەن)
غەمگین مەنیشـەو غەم بدەر وە باد
فەڵەك نمازو کەس وە خاترشاد

مەولەویش لە وەلاّمدا ئەنووسێ :
شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی
یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی
جە شەو هەوراگەی فەنا ویەردە
پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە .

جارێکیان لێی ئەپرسن ئایا ڕێك ئەکەوێت مامۆستا لە قوتابیەوە دوور بێ وە سودی لێوەرگرێ ئەویش بەم هۆنراوەیـە وەلاّمیـان ئەداتەوە :

از خوف بداندیش لب خویش گزیدیـم
هرجا که من و یـار بـه هـم رسیدیم
با واسـطه گـوش و زبان از طرف دل
بسیار سـخن بود که گفتیـم و شـنیدیم

واتە : زۆر جار لەگەڵ هەرکەسێکدا ئارەزووم کردبێ لەترسی خەڵك بەدڵ گفتوگۆمان بەیەکەوە کردوە . شێخ خاوەنی کەرامات بووە کە لە نظم المحاسن‌دا کۆکراونەتەوە . وەدوانەلەکوڕەکانی . شـێخ عمر ١٨٣٩ – ١٩٠٠ وە شێخ محمد بهأ الدین ١٨١٨ – ١٨٧٢

## ـ حاجی مەلا نەذیری گەورە ـ

## ـ ١٧٨٦ ـ ١٨٧٨ ـ

ناوی نەذیر کوڕی ئیبراهیم کوڕی مەلا مەحمود کوڕی سۆفی ئەحمەد بووە[(١)] •

پاش ئەوەی خوێندنی ئاینی تەواو ئـــەکات لەلای مەلا قاسمی شەڕەکان ، ڕووئەکاتە [بوخارا] بۆلای دەروێش محمد کە بە شا ساحب بەناوبانگە ، وە لەگەڵ محی‌الدینی کوری ئەگاتە بوخارا وە ئەبێت بە خەلیفەی شاساحب • ڕۆژێك شیخ پێی‌ئەڵێت ئەگەر من کوژرام ، لە جێگاکەی من دانیشە ، ئەگەر پێت‌خۆشە ، ئەگینـــا پاش چل ڕۆژ بچۆرەوە بۆ وولاتی خۆت • حەفتەیەك پڕ ناکاتەوە ، شـــا ســـاحب ئەکوژرێ وە مەلا نەذیر زامدار ئەبێت پاش چڵ ڕۆژەکە ئەگەرێتەوە بۆ تەوێلە •

مەلا نەذیری گەورە فەرمان‌بەری عوثمانی لە خورماڵ بانگـــی ئەکات وە سێ دێی بۆ دیاری ئەکات وە ئەلێ بۆت تاپۆ ئەکەم چوونکە لەو سەردەمەدا هەرکەس کەمێ دەسەلاتی بووبێت زەویوزاری ئـەو خەڵکە هەزارەیان لەسەر تاپۆ کردوە تائێستەش خەڵك بەدەست تاپۆی ڕەشەوە ئەناڵێنێ •

حاجی مەلا نەذیر بە فەرمان‌بەری عوثمانی ئەلێ من زەویو زاری حەرامم ناوێت ، وە بەشی ژیانی خۆم دەرامەتم هەیە • مەلا خاوەنی

---

(١) مەلا نەذیر زۆر خەتی خۆش بـووە (احیـــاء علوم الدیـــن)ی نووسیوەتەوە • باپیرەی حاجی مەلا صاحب مدرسی مزگەوتی گەورەی تەوێلەیە کە باوکی نوسەرە •

کەرامات بووە کە لە نامیلکەیەکدا کۆکراونەتەوە • بۆ نمونە ئەڵێن :

جارێکیان ڕەزاقولێ بەگ لە [نەوسود] ڕائەکات بۆ (بەرونی) کە سەعاتێك لە نەوسودەوە دورە کە ئەگاتە ئەوێ دوو کابرا بەدی ئەکات دەستو پێی ژنێکیان بەستوە ، ئەویش هەردووکیان ئــەکوژێتەوە ئافرەتەکە رزگار ئەکات • لەپاشا بەخەڵك ئەڵێت حاجی مەلا نەذیری ئەوێلە ئاگاداری کردم •

مەلا نەذیر حەوت کوڕی بوون (حاجی محی‌الدین ، مەلا جەلال ، متین ، غیاث ، معین ، منعم ، نذیر ، • لە ساڵی ١٣٠٧هـدا مەلا جلال و مەلا منعم لە سەفەری حەجدا لە بین‌الحرمین لەدنیا دەرئەچن •

شەوێك شیخی سراج‌الدین ئایشەی کچی ئەبات بۆ ماڵی مەلا نەذیر وە هەر لەوێ بۆی مارە ئەکات بەبێ‌ئەوەی تەنیا قەرانێکــی لێ‌بسێنیت •

# ـ بەشی پێنجەم ـ

چەند نمونەیەك لە پەندی پێشینان :ـ

أ ـ

١ ـ ئاگات ئافەرمی بۆ : هەڵت نەدەن

٢ ـ ئاغە ڕۆ خوا شوكور : دوژمنی مردوەو بۆی ئەگری٠

٣ ـ ئانە گورزو ئانە مەیدان ٠

٤ ـ ئەگەر بەنزا بیێ پشقەلی بە خورمای بێنێ ٠

٥ ـ ئیندەت مدو وەنە بیاوی هەری واچی مەرحەبا لالۆ ٠

ب :ـ

١ ـ بە چەمچێو ئاوەی مێوە مەلێ : هیچی نەدیوە ٠

٢ ـ بازنی ئاڵتون ئینا دەس‌شەنە : خوێندەوارە ٠

٣ ـ بە زەڵمو تانجەروی پاك مەبووە : پیاو خراپە

پ :ـ

١ ـ پیرت نەبو لوە پیریو بسانە ٠

٢ ـ پێسەنە شنگی دەی دەمو گاویۆ ٠

٣ ـ پاڵا چەكەش ئینا دیوانەنە : واستەیەكی هەیە بەلای ئاغاوە

٤ ـ پادارا گیردی بێ پێ ماڵو ویمانی[١] ٠

---

(١) هۆی ووتنی ئەم پەندە ئەوەیە لەكاتێكدا فەرمان ڕەوای شاری سنە باجێكی زۆر ئەخاتە سەر دێیەكی هەورامان وە داوا ئەكات لە ماوەیەكی كەمدا بە نێرراوێكی گورجوگۆل كۆی بكەنەوە ڕەوانەی سنەی بكەن ، پیاوێكی ڕیش‌سپی ژیر ئەلێ كەس گوێ نەداتە ئەم كابرایە من چاری بۆ ئەدۆزمەوە ، پاش ماوەیەك سەركار دێتەوە بە شوێن باجەكەدا ئەویش ئەلێ بە بەلەپادا ناردومانە ٠ سەركار هەندێكیان لەگەل خۆی بۆلای فەرمان‌رەوا ئەبات وە

کەرامات بووە کە لە نامیلکەیەکدا کۆکراونەتەوە • بۆ نمونە ئەڵێن :
جارێکیان ڕەزاقولێ بەگ لە [نەوسود] ڕائەکات بۆ (پەرونی) کە سەعاتێك لە نەوسودەوە دورە کە ئەگاتە ئەوێ دوو کابرا بەدی ئەکات دەستو پێی ژنێکیان بەستوە ، ئەویش هەردووکیان ئەکوژێتەوە ئافرەتەکە رزگار ئەکات • لەپاشا بەخەڵك ئەڵێت حاجی مەلا نەذیری تەوێلە ئاگاداری کردم •
مەلا نەذیر حەوت کوڕی بوون (حاجی محی‌الدین ، مەلا جەلال، متین ، غیاث ، معین ، منعم ، نذیر ، • لە ساڵی ١٣٠٧هـدا مەلا جلال و مەلا منعم لە سەفەری حەجدا لە بین الحرمین لەدنیا دەرئەچن •
شەوێك شیخی سراج‌الدین ئایشەی کچی ئەبات بۆ مالی مەلا نەذیر وە هەر لەوێ بۆی مارە ئەکات بەبێ‌ئەوەی تەنیا قەرانێکـــی لێ‌بسێنیت •

## ـ بەشی پێنجەم ـ

چەند نمونەیەك لە پەندی پێشینان :ـ

أ ـ

١ ـ ئاگات ئافەرمی بۆ : هەڵت نەدەن

٢ ـ ئاغە ڕۆ خوا شوکور : دوژمنی مردوەو بۆی ئەگری •

٣ ـ ئانە گورزو ئانە مەیدان •

٤ ـ ئەگەر بەنزا بیێ پشقەلی بە خورمای بێنێ •

٥ ـ ئیندەت مدو وەنە بیاوی هەری واچی مەرحەبا لالۆ •

ب :ـ

١ ـ بە چەمچێو ئاوەی مێوە مەلێ : هیچی نەدیوە •

٢ ـ بازنی ئاڵتون ئینا دەس‌شەنە : خوێندەوارە •

٣ ـ بە زەڵمو تانجەروی پاك مەبووە : پیاو خراپە

پ :ـ

١ ـ پیرت نەبو لوە پیریو بسانە •

٢ ـ پێسەنە شنگی دەی دەمو گاویۆ •

٣ ـ پاڵا چەکەش ئینا دیوانەنە : واستەیەکی هەیە بەلای ئاغاوە

٤ ـ پادارا گیردی بێ پێ ماڵو ویمانی [1] •

---

(١) هۆی ووتنی ئەم پەندە ئەوەیە لەکاتێکدا فەرمان ڕەوای شاری سنە باجێکی زۆر ئەخاتە سەر دێیەکی هەورامان وە داوا ئەکات لە ماوەیەکی کەمدا بە نێرراوێکی گورجوگۆل کۆی بکەنەوە ڕەوانەی سنەی بکەن ، پیاوێکی ڕیش‌سپی ژیر ئەڵێ کەس گوێ نەداتە ئەم کابرایە من چاری بۆ ئەدۆزمەوە ، پاش ماوەیەك سەرکار دێتەوە بە شوێن باجەکەدا ئەویش ئەڵێ بە بەلەپادا ناردومانە • سەرکار هەندێکیان لەگەڵ خۆی بۆلای فەرمانڕەوا ئەبات وە

ت :-

١ - تەوێلەیی کاغەزی چەرمە موانۆوە .

٢ - تا گەورە نەواچو یانەنە گولانە مەگێلنۆش بانەنە .

٣ - تیکە بژاوە ئینجا قوتش دە .

٤ - تەوەنی یاگو ویشنەنە سەنگینەنە .

٥ - تانەکەو حەملە قشقەڕیا (١)

ج :-

١ - جوجەلێ وەهاری پاییزەنە بژمارە

٢ - جۆڵا بە سەردرو وێش ڕازی مەبو

٣ - جە ویرانەی خەزێنە بەرگنو

چ :-

١ - چن وەرگی موەزو چن مەیێ شیوەن کەرو

٢ - چەقنام یۆرە گوچەوەنی چراو ونە ئاغەژەنی .

---

پێی ڕائەگەیێنێ وە ئەلێ ئەمانە ئەڵێن پارەکەمان کۆکردەوە وە بە کەروێشکا ناردمان . فەرمانڕەوا لەدلی خۆیا بریاری تاقی کردنەوەیان ئەداتەوە بە پیاوێکی ئەلێ مێوژو قالۆنچەی ڕەشیان بۆ دانی . کە بۆیان دائەنێن پیاوە زیرەکە چاوێك ئەگرێتە هاورێکانی وەك بلێ بەدرۆم مەخەنەوە وە خۆتان گێل کەن وە ئەلێ (یاداری گێردی بێ‌پێ مالو وێمانە) فەرمانڕەوا ئەلێ ئەزانم بەدرۆوە ئەتانەوێ قالۆنچەو مێووژ لەیەك جیا نەکەنەوە دەستیان بۆ مەبەن من لە هەموو باجێك لێتان خۆش ئەبم بەمجۆرە وە بەم فێلە ڕزگار ئەبن .

(١) لە سەردەمی خۆیدا ڕۆژێکی هەینی ٣٩ کەس ئامادە بوون ناردویانە بەشوێن ئەو کابرایەدا کە بێت بۆ نویژ وە ببن بە ٤٠ کەس تا جمعە تەواوکەن ئەویش ئەلێ خوا ئیشی منی زۆر جار پەكخستوە . ئەبێ منیش ئەم جومعەیە تەفرە بدەم وە نایەت بۆ جومعە .

٣ ـ چیرو لوسیوی لوه بتاویش

خ :ـ

١ ـ خاکۆ چیرو پایش پەی حەوت دەرمانەی مشیو • پیاو چاکە

٢ ـ خوا پا نەدو ماری : پیاو خراپە

٣ ـ خەتەنە فەرزا نەك بنەنە

د :ـ

١ ـ دەگا پەرەنە مەتیە کەڕەنە

٢ ـ دەویری ئاوی بەروت ، مەلە سەرو پردو نامەردیەنە

٣ ـ درەخت پیر بو یەکجار باز سەرشۆ منیشۆوە

ر :ـ

١ ـ ڕۆڵەو ئۆجاخان

٢ ـ ڕیش کەنۆوە لکنوش سمێڵیوە

٣ ـ رۆلەو ژووژوەکەیا

ز :ـ

١ ـ زوانبازەم سەرەم سلامەت

٢ ـ زوان زامش سارێژ مەبۆ

٣ ـ زوانت یا بولبولا یا مارا دەمتەنە

س :ـ

١ ـ سەرە ئەژناســـا

٢ ـ سەرو ئاوو حامیو پیاوەتی کەرۆ

٣ ـ سۆرۆش کەردێ گاوە بی

ش :ـ

١ ـ شوانە مەیلش بو گونی بەرانیەنە پەنیرە کەرۆ

٢ ـ شڕ بوەرە جەماعەت[1]

٣ ـ شەوە قەلاو میردیەنە

ف :ـ

١ ـ فەراشەو وێش کڕنانۆ : فێلبازە

٢ ـ فیرو لوای بە ، جا دەس کەرە ڕەمای : وردە وردە ئیش بکە

٣ ـ فەتاح فالا : لەخۆیەوە شت ئەلێت •

ق :ـ

١ ـ قاپیشا ئینی تورەکیوەنە

٢ ـ قوزی بی زەوادا

٣ ـ قسی کەوتە سی ددانی ، گنۆ سی یانی

ك :ـ

١ ـ کۆر مەبەو نابەڵەد ، خالۆنو خاڵو وەڵەد

٢ ـ کاسەی بیسەر پووشش گنونە •

٣ ـ کێمنەیی گانی کەرو . بێنەدواس ویش شورو

گ :ـ

١ ـ گەلێمانە دینی گەلە ڕێما دیێنی : واتە هیچ سەبی کەمێ شارەزاین

---

(١) ئەم پەندە ئەلە زلە کوری مەحمود کوری جەوامێر وتویەتی کە پیاوێکی قسەخۆش و بەناوبانگە ، لەکاتێکدا چووە بۆ مزگەوتی دێی [زۆم] وا ڕێك ئەکەوێ لەشی قورس ئەبێت • شەو مزگەوتەکە چرکە چرکێکی لێوە دێت ئەویش ڕائەکاتە دەرەوە ، لەبەر سەرما تا بەیانی دائەنیشی سالی دوایی ڕێی ئەکەویتەوە ئەو دێیە تەماشا ئەکات مزگەوتەکە ولاغی داگیر کەری تیا بەستراوەتەوە ئەویش ئەلێ (شڕ جەماعەت بخۆ هەر بە من ئەوێری ) •

٢ ـ گرد سەرەکویو سەرە چیریوش مەن •

٣ ـ گەدایی وەشا قورتیش خرابێنی

ل :ـ

١ ـ لەتەرە ڕیسە لەتەرە ڕیسە بو بە دمو هەری لەتەری مرێسو

٢ ـ لوتە بازە بەینو چەمانە •

٣ ـ لچ بە ددانی مەزانو • زۆر نهێنیە

م :ـ

١ ـ مەڵا نەبو دەگانە کەڵەشێر بڵقاسم بەگا

٢ ـ مەواچەو مەژنەوە

٣ ـ ملۆ سەرو کەلو ئایشینە شارەزووری بێپیت کەرو

ن :ـ

١ ـ نە ئێندە شیرین بە قوتت بدا نە ئێندە تاڵ بە تفاتۆ

٢ ـ نۆباوۆ نودشیەکان : لە سلیمانی لەسەر نۆرەئاوی نۆتشە شەڕیان کردوە

٣ ـ نانش بە گوشی ژاوان : نەزانە

و :ـ

١ ـ وەختیو جەنگ کەری ئاشتیت ویر بو

٢ ـ ویت مەکەرە مەقاش : دار دەستی خەڵک مەبە

٣ ـ وڵۆ دۆباڵینە بەرش‌مارو : لەکونی جاجاڵۆکەدا بێت دەری ئەهێنم

هـ :ـ

١ ـ هەریاگێۆ ئاشا کەچەڵ فەڕاشا

٢ ـ هەر چاك پڕچیان : نەزان کرداره بۆژیان

٣ ـ هەر موێوش ، ساڵیو ڕستەن : زۆر زۆر زانەی :ـ

١ ـ یاخوا توون چی نەبو حەمامچی

٢ ـ یۆ نەگبەتیش ئاما بە توو ماسی خنیکیۆ

٣ ـ یۆ نانش نەبی لوی پیازی ئەسانی

ب ـ (نمونەیەك فۆلكلۆر بەمشێوەیە ) ـ

هۆر لوا سلێنە
کەرگی بلا کولینە
هۆر لوا پاوە
ژەنی بنیا هەڵاوە •
جمعە بوارو شەمە وەش کەرو
شەمە بوارو پەنجو شەش کەرو

یاخوا وارۆ پەی خەلەی
گیواو بڕسو پەی گەلەی
وەیوە بالۆ سەرو پیرا
یاخوا وارو پەی فەقیرا

دارەکەو کەلی شنە شنشا
وەشڵەیم یا کەسیە جالە چەنیشا
سوورە هەڵالە چنوور خیزیان
شارەزوور گەرما پۆکەیم بێزیان

غەریب ئانە ئیا بلۆ پەی یەمەن
غەریب ئانەنە ملو تۆی کەفەن

تا داڵێو مەنۆ بە داڵە هۆوە
منیشو بەدیار باڵاکەو تۆوە

## (ڕازێك بۆ منداڵ)

کـــەرگە قوڵێ پامۆکی ، کۆتەنە دیزەی دانۆکی • نامـــاوە ئیسقانۆکی • مڵەی بوڵ بەسەر ، سۆرۆ لاسۆتە ، قالآو قنگ پڕوزیا ، چنار بەلگەشان ، ئاوی لێڵو وێڵ ، هەرزنســـەرەو قنگ • باوابێل وە قنگ ، ئاسیلی سەرە ماسیلی • بازار هۆر گیریا •

## ـ گورانی ـ

سیا چەمانەی هەورامی مێژوویەکی زۆر کۆنی هـــەیـە وەك مەقاماتێکە کە هەرگیز کۆن نابێت ، وە بە زۆر جۆر ئەوترێ •

١ ـ دەرەیی ٢ ـ بەزمی پەسەك ٣ ـ میناداد ٤ ـ ولە هـــەنار گیان ٥ ـ خاڵ سیاو لەیلی ٦ ـ ئایشی رۆ •

بێجگە لەمانەش بەزمیتر زۆرە وەك شیرینـــەو خانم ، مەچـو مەچو ، خەجیم ، خەجی ، هەوری لەمل ، وەسەت مەرۆ ، لاوەلاوەکە ، کورپەلەی قەد باریك ، نارنجـەو توباگیـــان ، بۆ تورت کـــرد بۆ تۆریای ، خرنگە ، باران بارانە هتد •••

## پزیشکی

ناوچەی هەورامان پیاوی حەکیمو پزیشـکی بەناوبانگی زۆری

تیا هەڵکەوتووە کە زۆر جۆر نەخۆشیان چار کردووە . لەکاتێکدا کە پزیشکی بەمجۆرەی ئەمرۆ پێش کـەوتوو نەبووە بەتایبـەتی شکستە .

ماوەی شەست ساڵێك لەمـەوبـەر شیخ محمد کوڕی شیخ هیـدایەت خەڵکی دێی [ ڕۆوە ڕۆ وەری ] بووە لەنزیك شـاری هەورامانەوە ، کە یەکێك بووە لەو حەکیمانە . بۆنمونە :

١ ـ ئافرەتێك کلۆکی لەجێ ئەچێت ، لە کەوتنە خـوارەوەدا ئەیبەن بۆلای ناوبراو ئەویش فرمانئـەدا ماوەی شـەوو ڕۆژێك ئالیك بە ئەسپێك بدەن ، وە ئاوی نەدەنێ ، دوای تەواو بوونی ماوەکە ئەسپەکە بەڕووتی ئەهێنن ، وە ئافرەتەکەی سوار ئەکەن وە لـەژێر سکی ئەسـپەکەوە قاچی ئەبەسـتنەوە کاتێ ئەسـپەکە ئەبەن بۆ ئاو خواردنەوە بەجۆری سـکی بەرز ئەبێتـەوە کلۆکی ئافـرەت ئەچێتەوە جێی خۆی .

٢ ـ ئافرەتێکی کە هەردوو باڵی بۆلای سەرەوە ئەوەستن شیخ محمد ئەیباتە ژوورێکی چۆڵەوە . لەناکاودا بەپەلە دەست ئەبات بـۆ بەنەخوێنی ئافرەتەکە ، ئەویش لەشەرمدا هەردوو دەسـتی بـۆ خوارەوە ڕائەتەکێنێ ، وە باڵەکانی جێی خۆیان ئەگرنەوە .

دیارە بێجگە لە شارەزایی ژیری یەکی بێپایانی بەکارهێناوە لـە چارەسەر کردنی هەموو جۆرە شکستە یەك دا

## تەواوبوو

سوود لەم کتیبانەی خوارەوە وەرگیراوە •

١ ـ دیوانی مەولەوی ـ مامۆستا مەلا عبدالکریم
٢ ـ میژووی ئەدەبی کوردي ـ مامۆستا علاء الدین سجادی •
٣ ـ مێژووی کوردو کوردستان ـ شیخ محمد آیة اللەی مەردوخي •
٤ ـ چوار کەشکۆلێ دەستنووسی کۆن •
٥ ـ چەند ژمارەیەك لە گۆڤاری دەنگی گیتی تازە •
٦ ـ پەراوی زەردەشت وەرگیراوی مامۆستا شاکر فتاح •
٧ ـ لێکۆلینەوەی ئەدەبی نوێی کورد ـ ساجد ئاوارە •
٨ ـ فرمیسکو هونەر ـ مامۆستا گۆران •
٩ ـ شاخی هەورامان ـ مامۆستا قانع •
١٠ـ چەند ژمارەیەك لە گوڤاری گەلاوێژ •
١١ـ چەند ژمارەیەك لە گوڤاری هیوا •
١٢ ـ چەند ژمارەیەك لە گوڤاری رۆژی نوی •

# [ ناواخــن ]


| | لاپـه |
|---|---|
| سه‌ره‌تا | ٣ |
| **[ به‌شی یه‌که‌م ]** | |
| پیرشالیاری زه‌رده‌شتی | ٥ |
| جه‌ژنی پیرشالیار | ١١ |
| نووسینی کۆنی ئه‌م ناوچه‌یه | ١٣ |
| لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ك له سه‌ر ئیبراهیم وزه‌رده‌شت | ١٥ |
| شوێن‌و ودیمه‌ن‌وژیانی ئه‌م‌ناوچه‌یه | ١٩ |
| **[ به‌شی‌دووه‌م ]** | |
| وێژه = ئه‌ده‌ب به‌م شێوه‌یه | ٢٤ |
| سه‌یده‌ی هه‌ورامی | ٢٥ |
| بێسـارانی | ٣٧ |
| حاجی مه‌لا ئه‌حمه‌دی نۆدشی | ٤٤ |
| مه‌لاخدری ڕواری | ٥١ |
| میرزا شه‌فیعی پاوه‌یی | ٥٤ |
| عبدالله به‌گی هه‌ورامی | ٥٧ |
| میرزا عبدالقادری ته‌ویله‌یی | ٦١ |
| ئایه‌الله‌ی مه‌ردوخی | ٦٣ |
| میرزا عبدالقادری پاوه‌یی | ٦٥ |
| دانای هه‌ورامی | ٧٠ |
| **[ به‌شی سێ‌یه‌م ]** | |
| مه‌ولانا خالد | ٧٧ |
| غۆلام شاخان | ٧٩ |

| ناواخن | لاپـه |
|---|---|
| ئەحمەد بەگی کۆماسی | ٨٠ |
| خانای قوبادی | ٨٣ |
| [ بەشی چوارەم ] | |
| هەندێ لە پیاوە ئاینیەکان لەم ناوچەیەدا | ٨٦ |
| شێخی سراج‌الدین | |
| حاجی مەلانەذیری گەورە | ٨٨ |
| [ بەشی پێنجەم ] | |
| نمونەیەك لەپەندی پێشینیان | ٩٠ |
| نمونەیەك لەفولکلور | ٩٥ |
| گۆرانـــی | ٩٦ |
| پزیشـــکی | ٩٦ |

| لاپەڕە | دێــڕ | هەڵـە | ڕاست |
|---|---|---|---|

کلیه کتابهای منتشر شده دراین انتشاراتی را در منطقهٔ مکریان ازشعبهٔ‌دوم این‌انتشارانی‌واقع‌در بوکان کتابفروشی صالحی دریافت‌فرمائید .

خواهشمندیم این دو غلط که درذیل نوشته شده است درست کنید .

| | |
|---|---|
| ۱ ـ سراط | صواط |
| ۲ ـ نداشته | داشته |